کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٥٩ - ڕەشەمەی ١٤٠٣-مارسی ٢٠٢٥



## نەورۆز: هێمای ژیانەوە

لە لاپەڕەی ٢

## ڕاگەیەندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە سەبارەت بە ڕۆژی جیهانیی فێربوون بە زمانی دایک

لە لاپەڕەی ٦



## هەشتی مارس: ڕۆژی جیهانی ژن و خەبات لەپێناو ڕزگاری ژنانی ئێران

لە لاپەڕەی ٧

## هەڵوێستی کۆمەڵە سەبارەت بە پەیامی عەبدوڵلا ئۆجەلان و دەرئەنجامەکانی لەسەر خەباتی خەڵکی کوردستان

لە لاپەڕەی ٣

## ئەمنییەتی شوێنی کار تەنها بە خەباتی کرێکاران بەسەر سەرمایەداران و دەوڵەتە پشتیوانەکەیاندا دەسەپێنرێت

لە لاپەڕەی ١٠




لە لاپەڕەی ٥




لە لاپەڕەی ٨

## سەروتار

### نەورۆز و هەژاری

ئەو هەژاری و نەدارییەی کە کۆماری ئیسلامی بەسەر بەشێکی گەورەی کۆمەڵگای ئێرانیدا سەپاندووە، بۆ ملیۆنان کرێکار و کەمدەرامەت و خەڵکی بێبەشی ئەم وڵاتە گەیشتووەتە ئاستێکی کارەساتبار بێ ماڵی، خۆراکی ناتەواو و نەگونجاو، نەبوونی دەستڕاگەیشتن بە دەرمان و دکتۆر و نەتوانینی دابینکردنی تێچووی خوێندنی منداڵان، تەنها چەند نموونەیەکی ئەو دۆزەخەن کە حکوومەتی ئیسلامی و دەسەڵاتدارانی گەندەڵ و تاڵانکەر بۆ خەڵکیان پێکهێناوە. لە هەندێک قۆناغی ساڵدا، ئەم هەژاری و ناخۆشییە ڕووکارێکی ناشرینتر و ئازاربەخشتر وەردەگرێت کە دوو بۆنەی نەورۆز و دەستپێکی ساڵی خوێندنی نوێ لەو نموونانەن. لە نەورۆزدا بە شێوەیەکی نەریتی ڕێوڕەسم دەگیرێت، سەردان و میوانداری دەکرێت، جلوبەرگی نوێ و تا ڕادەیەک باشتر لەبەر دەکرێت. خواردن و خواردنەوەی تایبەت باوە. بەڵام ساڵانێکە لە ڕێوڕەسمی نەورۆزدا بۆ بەشێکی زۆری خەڵک هیچ باسێک لە میوەی تازە، ئاجیل و شیرینی، جلی نوێ و تەنانەت سەردان و گەشتی نەورۆزی نییە کەم نین ئەو سەرپەرشتیارانەی بنەماڵەکان کە تەنانەت ناتوانن پێداویستییە سەرەتاییەکانی جەژن و نەورۆز بۆ خێزانەکانیان دابین بکەن. بەشێکی بەرفراوانی خەڵکی کەمداهات ناچار بوون واز لە زۆر لە پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانیان بهێنن کە تا دوێنێ کەم و زۆر دەستیان پێی ڕادەگەیشت و ژیانێکی هەژارانەتر قبووڵ بکەن لە بارودۆخێکی وادا جەژن و شادی نەورۆز، واتا ڕاستەقینەکەی خۆی بۆ زۆربەی خەڵک لەدەست داوە ڕۆژنامەکانی ئێران وێنەگەلێکیان لە بازاڕەکانی تاران بڵاو کردۆتەوە، بەپێی ئەم وێنانە لە سەروبەندی نەورۆزدا هەندێک تابلۆ لەسەر ژمارەیەک لە دوکانەکان هەڵواسراون کە هێمای سیستەمی گەنیوی سەرمایەداری و حکوومەتی نگریسی کۆماری ئیسلامین. تابلۆیەکی وەک: «ئاجیلی بەکرێ هەیە»، «جلوبەرگ بۆ کرێ

درێژە لە لاپەڕەی ٢

## درێژەی سەروتار

لە نەورۆز و بۆنەکانی دیکە»، تەنانەت کرێی کاتژمێری ئاجیل بۆ سەر سفرەی حەوت سین و هەر کاتژمێرێک بە نرخی پێنج هەزار تمەن هێنانەبەرچاوی ئەوەی کە لەسەر سفرەیەکی ڕێوڕەسمی نەورۆز ئاجیلێک هەیە کە تەنها دەتوانی وێنەی پێ بگری و کەس بەتایبەت منداڵان مافی دەست لێدان و خواردنیانی نییە، نیشانەی ئەوپەڕی دزێوی و ستەمکارانە بوونی سیستەمی چینایەتی و حکوومەتی ڕسوای کۆماری ئیسلامییە لە وڵاتێکدا کە لەسەر دەریایەک لە نەوت، گاز و کانزای زێڕ و سامانی سروشتی دیکە دامەزراوە، لە سیستەمێکدا کە ئاخوندەکان و دەسەڵاتدارانی گەندەڵ و تاڵانچی ملیاردەها دۆلار لە سەروەتی گشتییان داگیر کردووە، خەڵک لە ڕێوڕەسمی نەورۆزدا توانایی دابینکردنی سادەترین پێداویستییەکانی جەژنێکیان نییە کە ساڵێ جارێک بەڕێوە دەچێت! حکوومەتی کۆنەپەرستی ئیسلامی لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزدا نیگەرانی حیجابی زۆرەملێی ژنانە، تۆقیوە لە هەڵپەڕکێ و شادی گەنجان، و ئاجیلی بەکرێ جێگایەکی لە فکر و زەینیاندا نییە بێگومان ئەو هەژارییە قورس و بێدەنگەی کە لە قووڵایی کۆمەڵگادا هەیە، ڕۆژێک دەتەقێتەوە و پایەکانی حکوومەتی ئیسلامی و ئەم سووکایەتییە گشتییە دەڕووخێنێت. نەورۆزی ئەمساڵ بۆ ملیۆنان بێکار، نەخۆش و بنەماڵەی گیانبەختکردووانی سیاسی و بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی، ناتوانێت شادی و خۆشییەکی هەبێت و ئەمەش ڕێک ئەو شتەیە کە ڕژێمی ئیسلامی دەیەوێت ڕژێمی ئیسلامی لە جەژن و شادی جەماوەر دەترسێت. ئەم ڕژێمە لە بێدەنگی و نائومێدیدا بەهێز دەبێت. خوازیاری کۆمەڵگایەکی ملکەچ و گوێڕایەڵە کە تێیدا مرۆڤەکان ملکەچی چارەنووسێک بن کە ڕژێم بۆی دیاریکردوون. ڕێوڕەسمەکانی زەماوەند بە بیانووی ئەوەی کە تێیاندا حیجابی ئیسلامی و مەودای ژن و پیاو ڕەچاو نەکراوە تێکی دەدات، ڕێگری لە بەڕێوەچوونی کۆنسێرتەکانی مۆسیقا دەکات، ئەو گەنجانەی کە بە بۆنەی جیاواز کۆدەبنەوە و هەڵدەپەڕن و شادی دەکەن دەکەونە بەر لێدان و سووکایەتی. لە ڕاستیدا ئەگەر جیهان بە ویستی ڕژێمی ئیسلامی ئێران بوایە، ئەم کۆمەڵگایە دبوو یەکپارچە ڕەشپۆش بێت. دیاردەی ئاجیلی بەکرێ و جلوبەرگی کرێ، بەڵگەن بۆ سەلماندنی ئەم دڕندەییە ئیسلامییە و ویستی بنیاتنانی سیستەمێکی نوێی کە تێیدا حورمەت و کەرامەتی خەڵک نەکەوێتە بەر سووکایەتی س و بێ ڕێزی خاوەنانی دەسەڵات

****

## نەورۆز: هێمای ژیانەوە



**نەورۆز جەژنی نوێبوونەوە و سەرهەڵدانی ژیانە.**

هاتنی نەورۆز واتا تێپەڕبوونی سەرما و سەخڵەتی و بەستەڵەکی زستان و بووژانەوەی سەرلەنوێی سروشت، واتا هاتنی وەرزی بەهار. لەو وەرزەدا ڕۆژ لە ئاسۆی ڕوونی شاخە سەرکەشەکانەوە، تیشکی زێڕینی خۆی دەڕژێنێتە ناو دۆڵ و دەشتەکان. زەوی پاش خەوێکی قووڵی زستانی، چاو هەڵدێنێ و بە بزەیەکەوە باوەش بۆ خۆر دەکاتەوە. گوڵەکان لە ناو بەستەڵەکی سەرما و تاریکیدا سەر دەردێنن، وەک منداڵێک کە بە تاسەوە دەستی بۆ ئامێزی گەرمی دایکی درێژ بکات لەم ڕۆژانەدا دیمەنی کوردستان جیاوازە. چیاکان سەربەرزانە سەیری ئاسمان دەکەن، دارستان بە سروودی ئازادی دەلەرێنەوە، گیا و گوڵی ڕەنگاوڕەنگ وەک مافووری دەستکردی کیژۆڵەیەکی هونەرمەند، زەوی دەڕازێننەوە. چۆم و ڕووبارەکان بە خوڕ دەخرۆشن و بە مۆسیقای ئاو کێژی دارستان دەهێننە سەما، وەک ئەوەی بیانەوێت هەموو کۆت و بەندەکانی کۆیلەتی تێکبشکێنن و خۆیان بگەیەننە دەریای ئازادی لەم ڕۆژەدا، لەسەر لووتکەی چیاکان ئاگر دادەگیرسێت، ئاگری نەورۆز، هێمای ڕووناکی و گەرمی، هێمای ڕاپەڕین دژی تاریکی و سەرما. لە دەوری ئاگرەکە، پیر و گەنج، ژن و پیاو، دەست لەناو دەستی یەکتر، سەما دەکەن. جلوبەرگی ئاڵ و واڵا و ڕەنگاوڕەنگیان لە ژێر تیشکی ئاگر و مانگدا دەدرەوشێتەوە. زایەڵەی سروودی "ساڵی تازەیە نەورۆز هاتەوە" لە هەموو شار و گوند و دەشت و چیاکان دەنگ دەداتەوە. لەو ساتەدا هەموو شتێک لە بیر دەچێتەوە جگە لە هەستی بوون، هەستی ژیان و هەستی ئازادی نەورۆز تەنها جەژنێک نییە، چیرۆکێکە، مێژوویەکی پڕ لە خوێن و فرمێسک و هیوا. چیرۆکی گەلێکی کە وەک گیا لە ناو بەرد و بەندەندا سەری هەڵداوە و وەک خۆر پاش شەوێکی ئەنگوستەچاو هەڵهاتووەتەوە و وەک ئاگری ناو خۆڵەمێش، سەرلەنوێ ژیاوەتەوە لە نەورۆزدا، سروشت و مرۆڤ ئاوێتەی یەکتر دەبن. هەناسەی مرۆڤ دەبێتە نەسیمی بەهار و گوڵەکان ڕادەژێنێت، فرمێسکی شادی دەبێتە باران و زەوی پاراو دەکات، بزە دەبێتە تیشکی خۆر و گیان دەبەخشێتە هەموو بوونەوەرێک نەورۆز، ڕۆژێکی نوێیە، ساڵێکی نوێیە و ژیانێکی نوێ. ڕۆژێکە کە تێیدا تۆوی هیوا لە دڵی هەر تاکێکی کوردستاندا چەکەرە دەکات. تۆوێک کە بە خوێن و فرمێسک ئاو دراوە، بە ئازار و ئومێد پەروەردە کراوە و بە سەبر و خۆڕاگریی پارێزراوە با نەورۆزی ئەمساڵ ببێتە نەورۆزی سەرکەوتن و گەیشتن بە لوتکەی ئاواتە دێرینەکانمان. با ئەم نەورۆزە بکەین بە هێمای یەکگرتوویی و هاوخەباتیمان لەپێناو بەدیهێنانی داهاتوویەکی گەشتر. وەک چۆن سروشت لە نەورۆزدا خۆی نوێ دەکاتەوە، با ئێمەش وزە و هیوایەکی نوێ بەدەست بێنینەوە بۆ بەدیهێنانی خەونەکانمان. "لەم نەورۆزەدا، با بەڵێن بدەین کە هەموومان بەیەکەوە تێبکۆشین بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکانمان. نەورۆز تەنها جەژن نییە، بەڵکوو هێمای بەردەوامیی خەباتمانە لەپێناو ئازادی و یەکسانی و بەختەوەریدا. با بە گڕی ئاگری نەورۆز، هیوای گەیشتن بە ئاواتەکانمان گەشتر بێت. با نەورۆزی ئەمساڵ ببێتە سەرەتای سەردەمێکی نوێ، سەردەمی ئاشتی و ئازادی و دادپەروەری. با تیشکی ئاگری نەورۆز، ڕووناکی بخاتە سەر ڕێگامان، گەرمی ببەخشێتە دڵمان و هێز و وزە بدات بە گیانمان بۆ بەردەوامبوون

**نەورۆز و ساڵی نوێتان پیرۆز، ژیانتان پڕ لە خۆشی و سەرکەوتن و سەرفەرازی.**

****

# هەڵوێستی کۆمەڵە سەبارەت بە پەیامی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەرئەنجامەکانی لەسەر خەباتی خەڵکی کوردستان

ڕۆژی پێنجشەممە ٩ی ڕەشەمە، پەیامێک لە عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە کاناڵەکانی تەلەڤزیۆن و تۆڕە کۆمەڵایەتی و میدیاکانی سەرتاسەری جیهان بڵاوکرایەوە. لە چەند ڕۆژ پێشووترەوە، ڕووبەڕووی کەشێکی تەبلیغی و پڕوپاگەندە بووینەوە کە هەوڵی دەدا ڕای گشتی لەسەر ئەم پەیامە چڕ بکاتەوە و گومانە گەشبینەکان سەبارەت بەم پەیامە پەرە پێبدات. لەم پەیامەدا، ئۆجەلان بە ڕوونی داوا لە پارتی کرێکارانی کوردستان دەکات کە خەباتی چەکداری وەلا بنێت و هەڵوەشاندنەوەی خۆی، وەک حزبێکی سیاسی، ڕابگەیەنێت. ڕۆژی دواتر، دەستبەجێ کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکانی تورکیا، بەتایبەتی کەناڵەکانی سەر بە حکومەت، پڕوپاگەندە ژەهراوییەکانی خۆیان لە دژی پارتی کرێکارانی کوردستان دەستپێکرد. ئەگەر لە لایەنە زۆر مشتومڕهەڵگرەکانی ئەم پەیامە تێپەڕین، هەرچەندە هێشتا هەڵسەنگاندنی ڕاستەقینەی کاریگەرییەکانی لەسەر بزووتنەوەی گەلی کورد بەتایبەتی لە تورکیا و سوریا زووە، بەڵام هەتا ئێرەش جەختکردنەوە لەسەر چەند خاڵێکی بنەڕەتی پێویستە

**١**_عەبدوڵڵا ئۆجەلان زیندانییەکی سیاسییە. دەستگیرکردنی بەرهەمی پیلانگێڕییەکی نێودەوڵەتی بوو کە ٢٦ ساڵ لەمەوبەر بە هاوکاری چەندین دەزگای هەواڵگری جیاواز ئەنجامدرا. لەم ماوە درێژەدا ناوبراو لە ژووری تاکەکەسی لە دوورگەی ئیمرالی بۆ ماوەیەکی زۆر سەرەتا لەژێر حوکمی لەسێدارەدان و پاشان زیندانی هەتاهەتایی ڕاگیراوە و جگە لە چەند حاڵەتێکی دەگمەن لە ساڵانی ڕابردوودا، تەنانەت ڕێگەی پێ نەدراوە چاوی بە بنەماڵەکەی یان پارێزەرەکانی بکەوێت. هەر کەسێک دوور یان نزیک ئاشنای بارودۆخی زیندانەکان و زیندانبانیی تورکیا بێت بەبێ شک دەزانێت کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەم ماوەیەدا چ ڕۆژگارێکی سەختی بەسەر بردووە. هیچ گومانێک نییە کە لانی کەم لەژێر گوشارێکی دەروونی زۆردا بووە کە سەربەخۆیی و تواناکانی سنووردار کردووە. ناوبراو تەنیا بەو ڕادەیە لەوەی کە لە دونیای دەرەوە ڕوودەدات ئاگادار کراوەتەوە، کە دەزگای ئاسایشی تورکیا (میت) بە پێویستی زانیوە. بەرگری لە مافە مرۆییەکانی ئۆجەلان وەک زیندانییەکی سیاسی و خەبات بۆ ئازادکردنی هەمیشە کارێکی پێویست و مرۆیی بووە و هەر هەیە. لەم چوارچێوەیەشدا ڕێبەرایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان و گەلی ئازادیخواز و مرۆڤدۆست لە گۆشە و کەناری جیهان، هەوڵی گونجاو و بەرپرسانەیان بۆ بەرگری لە مافەکانی و هەوڵدان بۆ ئازادکردنی داوە. بەڵام ئەوەی کە ئێستا نەگونجاوە و تەنانەت دەتوانین بڵێین نابەرپرسانەیە، سپاردنی ڕێبەرایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان و بەرپرسیارێتی دیاریکردنی چارەنووسی بزووتنەوەی گەلی کورد لە تورکیا بە زیندانییەکی سیاسییە، ئەویش لە هەلومەرجێکدا کە ئۆجەلان تێیدایە. لەو کاتەوەی کە ئۆجەلان دەستگیرکراوە بە هیچ شێوەیەک لە دۆخێکدا نەبووە کە بتوانێت ڕۆڵێکی لەو چەشنە بگێڕێت. ئێمە وەک کۆمەڵە لە ماوەی ئەم ساڵانەدا چەندین جار ئەم خاڵەمان بیرهێناوەتەوە کە پاراستنی ڕێز، حورمەت و پێگەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان وەک زیندانییەکی سیاسی کە لەژێر توندترین گوشارەکاندایە، کارێکی مرۆیی و بەرپرسانەیە، بەڵام سپاردنی ڕێبەرایەتی سیاسی حزبێک و دیاریکردنی چارەنووسی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز و خاوەن مێژوو بە ویستی کەسێکی زیندانی، کە لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆی وەک زیندانییەک بێبەشە، نابەرپرسانەیە و بگرە زیانبەخشیشە. بۆ نموونە ئەو کارەی کە کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقا هەرگیز لەگەڵ نێلسۆن ماندێلا نەیکرد. بە سەرنجدان بەوەی کە گوترا، ناتوانرێت هیچ بەرپرسیارێتییەک بخرێتە ئەستۆی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، وەک زیندانییەکی سیاسی بەو سنوورداربوونانەی کە ڕووبەڕووی بووەتەوە. تەنانەت ناتوانرێت ڕەخنە بگیردرێت لە ڕاگەیەندراوێک کە بە ناوی ئەوەوە لە ڕۆژی ٩ی ڕەشەمە بڵاوکراوەتەوە

**٢**_ڕاستییە دیارەکان و بەڵگەکان دەریدەخەن کە دەوڵەتی تورکیا بە دەستپێکردنی ئەم پڕۆسەیە ئامانجی سەرکوتکردن و لەناوبردنی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کوردستانی گرتووەتە بەر. ئامانجێک کە دەتوانێت بەشێک بێت لە سیاسەتێکی گشتیتر بۆ پەرەپێدان و چەسپاندنی پانتایی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێستا چ لە ناوخۆی تورکیا و چ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەم وڵاتە. لە هەلومەرجێکدا کە دەوڵەتی تورکیا پێداویستییەکانی بڵاوکردنەوەی پەیامی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی بۆ کۆتاییهێنان بە خەباتی چەکداری و هەڵوەشاندنەوەی پارتی کرێکارانی کوردستانی دابین کردووە، هەزاران زیندانی سیاسی بە تاوانی دەربڕینی بیروڕای خۆیان لە زیندانە ترسناکەکانی ئەم دەوڵەتەدا بە سزای درێژخایەن مەحکوم کراون و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرتاسەری تورکیادا ڕووبەڕووی سەرکوتی دامودەزگا ئەمنییەکان دەبنەوە. لە دەرەوەی سنوورەکان، دەوڵەتی تورکیا هێرشەکانی خۆی لە دژی گەلی کورد لە سوریا چڕتر کردووەتەوە و لەگەڵ پشتیوانیکردن لە گرووپە جیهادییەکان بۆ سەرکوتکردنی ئەم خەباتە، خۆی ڕاستەوخۆ بە بەکارهێنانی چەکی مۆدێرن و تەنانەت قەدەغەکراو، ڕۆژانە هێرش دەکاتە سەر ئەم ناوچانە. لە هەمان کاتدا لە ڕێگەی ئەو کاریگەرییەی کە لەسەر حاکمە نوێیەکان لە دیمەشق هەیەتی هەوڵ دەدات بەدیهاتنی سەرەتاییترین مافەکانی گەلی کورد لە سوریا پشتگوێ بخرێت. هاوکات ناوچەیەکی بەرفراوانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ چەندین ساڵ داگیرکردووە و دژایەتی هەر چەشنە پێشکەوتن و سەربەخۆییەکی ئەم ناوچەیە دەکات. هەموو ئەم بەڵگانە دەربڕی ئەو ڕاستییەن کە سروشتی دەوڵەتی تورکیا چارەسەری دیموکراتیانەی پرسی کورد لە ڕێگەی گفتوگۆی بنیاتنەرەوە، کە تێیدا خواست و داواکارییە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان بەدی بێن، قبووڵ ناکات. لە هەمان کاتدا هەلومەرجی ناوچەیی و جیهانی و هاوسەنگی هێزی ئێستا ئەوەمان پێ ناڵێت کە دەوڵەتێکی ستەمکاری وەک دەوڵەتی تورکیا بە قبووڵکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان ڕازی دەبێت. بەهێزبوونی دەوڵەتەکان و گرووپە فاشیست و ڕاستڕەوە توندڕەوەکان لە زۆرێک لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان، چڕبوونەوەی کێبڕکێی زلهێزە جیهانییەکان و زۆربێژییان لە بەرامبەر هێزە بچووکترەکان و بزووتنەوە پێشکەوتووەکان، ڕووخانی دەوڵەتی ئەسەد و هاتنە سەرکاری ڕژێمێکی سەر بە دەوڵەتی تورکیا لە سوریا و پەرەسەندنی کێبڕکێ ناوچەییەکان لەوانە دەوڵەتانی ئیسرائیل، ئێران، عەرەبستانی سعودی، میسر، عێراق و تورکیا، هەمووی ئاماژەن بۆ پڕۆسەیەکی نادیموکراتی و دژە ئازادیخوازی لە جیهان و ناوچەکەدا

**کەواتە دیار نییە لە نێو ئەم پڕۆسە پاشەکشێکردووەی دیموکراسی و ئازادیخوازی و پەرەسەندنی توندڕەوی دەوڵەتی، بۆچی تەنیا لە پرسی کورددا دەوڵەتی ستەمکاری تورکیا بە چارەسەرێکی دیموکراتیانەی پرسی کورد لە تورکیا ڕازی دەبێت؟**

**٣**_پێدەچێت کە دەزگای ڕێبەرایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە سیاسەتەکانی خۆیدا کردبێت. بەڵام لە بەرنامەیدایە بەرپرسیارێتی ئەم گۆڕانکارییە سیاسییە لە ئەستۆی خۆی هەڵبگرێت و بیخاتە سەرشانی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی زیندانی. لە ڕوانگەی شیکردنەوەیەکی لەم چەشنەوە، گۆڕانکاری سیاسی پارتی کرێکارانی کوردستان زیاتر جێی بایەخە، نەک پەیامی عەبدوڵڵا ئۆجەلان. لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەگەر ئەم گۆڕانکارییە بە مانای چوونە ناو پڕۆسەیەکی سیاسی گفتوگۆی ئاشکرا و شەفاف لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردەوە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا بێت، دەتوانێت بە قازانجی خەباتی مافخوازانەی گەل لە کوردستانی تورکیا بێت. بە سەرنجدان بەو ئەزموونە دەوڵەمەندانەی کە لەم بوارەدا هەیە، و بە سەرنجدان بەوەی کە پرسی کورد ڕەنگدانەوەیەکی جیهانی پەیدا کردووە، ئەم پڕۆسەیە دەتوانێت لە ناوەندی باس و مشتومڕەکان و سەرنجەکاندا بێت. لەم پەیوەندییەدا ئاگربەست و کۆتاییهێنان بە تێکهەڵچوونە گرژەکان دەتوانێت کەشێکی لەبار بۆ پێشخستنی گفتوگۆکان دابین بکات. بەڵام پڕۆسەیەکی لەم چەشنە ناتوانێت سەرەتا بە قبووڵکردنی چەکدانان، هەڵوەشاندنەوەی حزب و لەدەستدانی هەموو ئامرازەکان بۆ مامەڵە و دانوستان ئەنجام بدرێت. کەواتە ئەگەر گۆڕانکاری سیاسی پارتی کرێکارانی کوردستان، بە مانای قبووڵکردنی هەموو خواستەکانی دەوڵەتی تورکیا و قبووڵکردنی جۆرێک لە خۆبەدەستەوەدانی بەبێ مەرج



درێژە لە لاپەڕەی ٤

درێژە ی لاپەڕەی ٣

بێت، ئەوکات ڕووبەڕووی سیاسەتێکی تەسلیم خوازانە دەبینەوە کە زیان و دەرئەنجامی قەرەبوونەکراوەی بۆ خەباتی مافخوازانەی گەلی کوردستان لە تورکیا بەدوای خۆیدا دەهێنێت و کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر بەشەکانی تری کوردستانیش حاشاهەڵنەگر دەبێت. بە سەرنجدان بەوەی کە کادری ڕێبەرایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان سیاسەتمەداری بە ئەزموونن وە گەرم و ساردی ڕۆژگاریان چەشتووە،ئەنجامدانی ئەگەری گۆڕانکارییەکی لەم چەشنە ناتوانرێت حیسابی بی ئەزموونیی ئەوانی بۆ بکرێت، یان ئەوەی کە زیندانییەکی سیاسی ئازاردیتوو و گۆشەگیرکراو بە بەرپرسیاری گۆڕانکارییەکی مێژوویی لەم چەشنەی بزانرێت. لەبەر ئەوە، وەڵامی ئەوەی کە بۆچی گۆڕانکارییەکی سیاسی، لەوانەیە تەسلیم خوازانە ڕوویداوە، دەبێت لە شوێنێکی تردا بەدوایدا بگەڕێین

**٤**_لە بزووتنەوەی کوردستاندا بەداخەوە ئێمە هەمیشە ڕووبەڕووی گۆڕانکاری و سوڕانی سیاسی بەردەوام و بێ بەرهەمی ئەو ڕەوتانە بووینەتەوە کە ملکەچی، کۆنەپەرستیی زاڵ و حاکم بەسەر وڵاتانی پەیوەندیدار و بەسەر جیهانی ئەمڕۆدا بوون. ئاسۆی کورتی ئەم ڕەوتانە ئەوانی بەرەو سازش بەبێ بەدیهێنانی داخوازییەکانی گەلی کوردستان ڕاکێشاوە و بەبێ سەرنجدان بە سروشتی دەوڵەتە ناوەندییەکان و ئەگەری مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەدا، چوونەتە ناو هاوکاری، گفتوگۆ و تەنانەت هاودەستیشەوە. ئەم ڕەوتانە، کە دەتوانرێت بە ناوی «ڕەوتی ڕاست» ناوببرێن، بە پشت بەستن بە ڕێککەوتنە سیاسییەکانی نێوان حزبەکان لەگەڵ دەوڵەتە ناوەندییەکان، نەک دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی گەلی ژێردەستەی کوردستان و لە سەرووی هەموویانەوە ئەو بەشەی گەل کە زۆرترین زیانی لە ستەمی نەتەوەیی بینیوە، لەگەڵ ڕژێمە ستەمکارەکاندا چوونەتە ناو دانوستانەوە. دانوستانێک کە نەک هەر بێ بەرهەم بووە بۆ خەباتی گەلی کورد، بەڵکو هەندێک جار بووەتە هۆی لاوازکردنی پێگەی ئەم حزبانەش. لە هەلومەرجێکدا کە کۆمەڵگەکانی بەشە جیاوازەکانی کوردستان، سەرەڕای جیاوازییەکانیان، لە چین و توێژی جیاواز پێک هاتوون و ستەمی نەتەوەیی و سەپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەتە ناوەندییەکان بە هەمان شێوە و بە یەک ڕادە گوشار ناخاتە سەر هەمووان، دەستپێکردنی هەر پرۆسەیەکی سیاسی، دانوستان و گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و هەژاران و بێبەشانی ئەم کۆمەڵگایانە، کە قوربانیانی سەرەکی ستەمی نەتەوەیین، مەحکومە بە شکست. هەر ئەم ڕاستییە چینایەتیەیە کە ئێستا،حزبە جیاوازەکان بە جیاوازی بەرنامەیی، سیاسی و ستراتیژییەوەی لێکەوتووەتەوە کە هەریەکەیان بە پشت بەستن بە بنەمای چینایەتی خۆی، چارەسەر بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی دادەڕێژێت. گۆڕانکارییەکانی حزبە ڕاستەکان لە بزووتنەوەی نەتەوەی کورددا هەمیشە بەرژەوەندییەکانی گەلی کرێکار و زەحمەتکێشیان، کە قوربانیانی سەرەکی ستەمی نەتەوەیین، پشتگوێ خستووە و هەر بەم هۆیەشەوە سیاسەتەکانیان هیچ کات نەیتوانیوە ببێتە هۆی چارەسەری کردەیی ستەمی نەتەوەیی. بە سەرنجدان بەم ڕاستییە، هیچ سیاسەتێک یان گۆڕانکارییەکی سیاسی کە بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و هەژارانی کوردستان نەکاتە ئەساسی خۆی، ناتوانێت چارەسەری ستەمی نەتەوەییشی لەگەڵدا بێت

**٥_لە بەرامبەر ڕەوتە سیاسییە ڕاستەکاندا، ڕەوتە چەپ و سۆسیالیستەکان هەمیشە ئامادەبوونێکی بەرچاویان لە بزووتنەوەی نەتەوەی کورددا هەبووە.جیلە نوێیەکان لەوانەیە بیریان نەیەتەوە، بەڵام سۆسیالیزم لە ڕووی مێژووییەوە لە لای حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد ڕێزێکی زۆری لێگیراوە، بە شێوەیەک کە تەنانەت ڕەوتە ناسۆسیالیستەکانیش لە بزووتنەوەی کوردستاندا بۆ بەدەستهێنانی ڕێز خۆیان وەک شوێنکەوتووی سۆسیالیزم ناساندووە.**

دیارە بەو گۆڕانکارییانەی کە لە دوای ڕووخانی دیواری بەرلین ڕوویاندا، ئەم ڕەوتانە تەنانەت لە خۆناندن بە سۆسیالیست بوونیش دەستیان هەڵگرت و لە دوای ئەوە بە شێوەیەکی ئاشکرا ڕێگەی گۆڕانکاری بەرەو ڕاستیان هەڵبژارد و پەیوەندییان بەو پرۆژانەوە کرد کە لە لایەن دەوڵەتە چەوسێنەرەکانی گەلی کوردستانەوە داڕێژرابوون. لە سازشکردن لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ دەوڵەتە ناوەندییەکانەوە بگرە هەتا هیوابەستن بە سیاسەتەکانی زلهێزە جیهانییەکان بۆ گۆڕینی ڕژێمەکان لە ناوچەکەدا، لە بێ بەها نیشاندانی خەباتی چەکداری لە کاتی خۆیدا بگرە هەتا سەرکێشی بێ کات و ناتەندروست و ڕووننەکراوەی چەکداری، لە دروشمی خەیاڵی «کوردستانی گەورە»، بەبێ ستراتیژییەکی ڕوون بۆ بەدیهێنانی، هەتا دروشمە ناڕوونەکانی «فیدراڵیزم» و «کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»، لە چڕکردنەوەی نابەوەختی خەباتی چەکدارییەوە بگرە هەتا سیاسەتی ناڕوونی ئامادەبوون لە پەرلەمان و مەجلیس لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمە چەوسێنەرەکانی گەلی کوردستان و هاوڕابوون لەگەڵ بەناو باڵی «ڕیفۆرمخواز»ی ئەم ڕژێمانە، هەمووی نیشانەدەری بێ ئاسۆیی حزبە ڕاستەکانە لە خەباتی نەتەوەی کورددا

**٦**_ بە سەرنجدان بەوەی کە پرسی نەتەوەیی کورد یەکێک لە پرسە چارەسەرنەکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێک دەهێنێت و بە سەرنجدان بەوەی کە خەباتی گەلی کوردستان لە بەشە جیاوازەکانیدا کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن، پێویستە پێشهاتەکانی ئێستا لە تورکیا و ئەو بەشەی کوردستان لە ڕوانگەی خەباتی گەلی کوردستان لە ئێرانیشەوە سەرنجی بدرێتێ. ئەمە لەو ڕووەوە گرنگە کە گۆڕانکاری ئەگەری سیاسی پارتی کرێکارانی کوردستان ئەگەر لە بەرژەوەندی گەلی کوردستاندا نەبێت، دەتوانێت ڕاستەوخۆ کاریگەری نەرێنی لەسەر خەباتی گەلی کوردستانی ئێران، و بێگومان بەشەکانی تری کوردستانیش، دابنێت. **هەرچەندە لە ڕووی مێژووییەوە بزووتنەوەی کوردستان لە لایەن ڕەوتە سیاسییە ڕاستەکانەوە ڕێبەرایەتی و ئاراستە کراوە، بەڵام لە کوردستانی ئێران لە دوای ڕاپەڕینی ١٣٥٧ی هەتاوی، کۆمەڵە وەک ڕەوتێکی سۆسیالیست پێگەیەکی گرنگی لە ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی گەلی کوردستان بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی پەیدا کرد و لۆژیکی خەباتی لەم ناوچەیەدا بۆ هەمیشە گۆڕی.**

بە تێپەڕبوون لە ستەمی نەتەوەیی وەک تەنیا پرسێکی کولتووری و زمانی، کۆمەڵە توانی ئاسۆیەکی نوێ لە خەباتی گەلی کوردستانی ئێراندا بناسێنێت و بیچەسپێنێت کە بە پێی ئەوە بەدواداچوونی داواکارییە ئابووری، خۆشگوزەرانی و دیموکراتیکەکانی کرێکاران و چینە زەحمەتکێشەکان، ژنانی ستەملێکراو و گەنجانی کۆمەڵگا بەشێکی دانەبڕاو لە هەوڵی جدی بۆ نەهێشتنی هەر چەشنە ستەمێک، لەوانە ستەمی نەتەوەیی، ناسرا. بەدواداچوونی بەرژەوەندییە چینایەتییەکان و دانانی لە چەقی خەباتی گەلی کوردستاندا، مانایەکی نوێی بە خەبات بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوەییش بەخشی و کۆمەڵەی کردە جدیترین و بەردەوامترین هێزی سیاسی لەم بوارەدا. سووربوون لە خەبات بۆ نەهێشتنی ستەمی چینایەتی، هاوشان لەگەڵ سووربوون لە خەبات بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی و پەیوەندانی سرووشتی نێوانیان، نەریتێکی نوێی لە خەباتی گەلی کوردستاندا دروست کرد کە ڕادیکاڵیزمی سیاسیی، لە هەموو بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەدوای خۆیدا هێنا. نەریتێک کە ڕاپەڕینەکان و بزووتنەوە پێشکەوتووەکان، لەوانە بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» یەکێک لە دەرئەنجامە بەرچاوەکانیەتی. لە ڕوانگەی ئێمەوە، سەرەڕای دەرئەنجامەکانی گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی ئێستا لە کوردستانی تورکیا و دەرئەنجامە کردەییەکانی گۆڕانکاری سیاسی پارتی کرێکارانی کوردستان، ئەم نەریتی خەباتە لە کوردستانی ئێراندا دەبێت بەهێز بکرێت و لەم ڕێگەیەوە دەرئەنجامە نەرێنییەکانی ڕووداوەکانی ئێستا پووچەڵ بکرێنەوە. بێگومان کۆمەڵە وەک هێزێکی ئینتەرناسیۆنالیست و هێزێک کە پرسی کورد لە ڕەهەندی ناوچەییەکەیدا دەبینێت، بە وردی و بەرپرسیارێتییەوە بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکانی دەکات و بە ئەرکی خۆی دەزانێت هاوپشتیی گەلی کوردستان لە بەشە جیاوازەکاندا بەهێز بکات و پەیوەندی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و ستەملێکراو پتەوتر بکات

**٧**_ڕوو لە گەلی خەباتگێڕی کوردستان، کرێکاران، ژنان و گەنجانی ستەملێکراو و هەموو ئەوانەی کە لە ماوەی ئەم خەباتەدا ئازارێکی بێ وێنەیان چەشتووە دەڵێین، بەبێ شک ڕێگەی پێشڕەوی بەرەو کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان، کۆمەڵگایەک لەسەر بنەمای هاوپشتی و بە دوور لە ستەمی نەتەوەیی و هەموو شێوازەکانی تری چەوساندنەوە، ڕێگایەکی پڕ پێچ و پەنایە کە لە هەر پێچێکیدا ڕووبەڕووی هێزی چینە چەوسێنەرەکان و دەوڵەتە سەرکوتکەرەکان دەبینەوە. کەس بەڵێنی پێ نەداوین کە ڕێگای ئازادی کورتە، و هیچ خەباتکارێکی جدی بە مسۆگەرکردنی سەرکەوتن لە هەر ئەمڕۆدا دەست بە خەبات ناکات. لە کۆنفرانسی لۆزانەوە هەتا ئێستا، کە ئێستا کەم و زۆر سەد ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتە مۆدێرنەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕووبەڕوو بووینەتەوە. لەم مێژووەدا نەتەوەی کورد خەباتێکی بێ وچانی لە دژی بێ مافی و ستەمی نەتەوەیی و باشترکردنی ژیانی ئابووری و ئازادییە سیاسییەکان بەڕێوە بردووە. لە ماوەی ئەم خەباتەدا ڕێکخراوە سیاسییەکان هاتوونەتە گۆڕەپانی خەباتەوە و تاقی کراونەتەوە و لە درێژەشدا هەر وا دەبێت. بەڵام چارەنووسی خەباتی نەتەوەی کورد بە سەرهەڵدان و داکشانی ڕێکخراوە سیاسییەکان دیاری ناکرێت، کە ئامادەبوونی بەردەوام و جەماوەریی نەتەوەی کورد لە گۆڕەپانی خەباتدا دیاری کردووە. ئامادەبوونێکی خەباتگێڕانە کە لە ڕوانگەی ئێمەوە لەمەودوا، وەک ڕابردوو، تەنیا بە ئاسۆیەک، سیاسەتێک و شێوازی خەباتێکی وەرگیراو لە جیهانبینیی سۆسیالیستییەوە دەتوانێت بە کەمترین تێچوو و لە کورتترین ماوەی مومکیندا بە ئەنجام بگات

**کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە**
**ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**یەکەمی مارسی ٢٠٢٥**

**١١ی ڕەشەمەی ١٤٠٣**

****



# ڕاگەیاندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ژن

**لە سەروبەندی ڕۆژی جیهانی ژندا، ئەم ڕۆژە مێژووییە مەزنە لە سەرجەم ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز پیرۆزبایی دەکەین. ڕێز دەگرین لە یاد و بیرەوەری فیداکاریی ئەو ژن و کچە ئازادیخوازانەی کە لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانە و شکۆداری "ژن، ژیان، ئازادی"دا وەک ئەستێرە درەوشانەوە و ڕێگای شۆڕشی چارەنووسسازی داهاتوویان ڕووناک کردەوە.**

بزووتنەوەی ژنان لە ئێران قۆناغی پڕ هەوراز و نشێوی تێپەڕ کردووە، بەڵام ئێستا بە وانەوەرگرتن لە ئاخێزی "ژن، ژیان، ئازادی"، یەکێک لە مرۆڤانەترین و پڕ جۆش و خرۆشترین ڕاپەڕینەکانی دەیەی ڕابردوو، بووەتە بزووتنەوەیەکی بەردەوام لەپێناو گەیشتن بە داخوازییە یەکسانیخوازانەکان نەک هەر بۆ ژنان، بەڵکوو بۆ سەرجەم ئەو توێژە ستەملێکراوانەی کۆمەڵگا کە لەگەڵ هەڵاواردن بەرەوڕوو بوونەتەوە. بزووتنەوەیەک کە ڕێگای نەدا حکوومەتی ئیسلامی و ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست و لایەنگری گەڕانەوەی دیکتاتۆرییەتی پاشایەتی، دروشم و داخوازییە یەکسانیخوازانە و ڕادیکاڵەکانی بخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە. ئێستا بزووتنەوەی ژنان نەک هەر خوازیاری یەکسانی ژنان و پیاوان لە هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریدایە، بەڵکوو خوازیاری نەمان و لەناوچوونی ئەو سیستەمە ئایینی و پیاوسالارییەن کە ژیانی لێکردوون بە دۆزەخ. هەر ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە هەڵسووڕاوانی چەپی ژن لە زیندانەکانی حکوومەتی ئیسلامیدا دەستبەسەرن و هۆکاری سەرەکی زیندانیکردنی جەستەیی ئەوان، دەگەڕێتەوە بۆ توانایی و پۆتانسێلە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاری قووڵی کۆمەڵایەتی

ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی وەک نموونەیەکی بەرچاوی حکوومەتێکی ئایینی پشتیوانی سیستەمی چینایەتی سەرمایەداری، هەر لە سەرەتاوە یەکێک لە بنەماکانی دەسەڵاتی خۆی لەسەر پێشێلکردنی مافە مرۆییەکانی ژنان دامەزراند. یەکەمین هەنگاوی سیاسی خومەینی لە ساڵی ١٣٤٢دا لە دژی ژنان و ئەو مافە سەرەتاییەکانە بوو کە لەو سەردەمەدا بەدەستیان هێنابوو، هەڵوێستێکی کە لە یەکەمین ڕۆژەکانی دوای بەدەسەڵات گەیشتنی لە ڕەشەمەی ١٣٥٧دا جەختی لەسەر کردەوە و بە کردەوەی دەرهێنا. لەو کاتەوە ڕژێمی ئیسلامی هەردوو ئامرازی ئایین و پیاوسالاریی، بەوپەڕی هێز و تواناوە لە دژی ژنان بەکارهێناوە. بێبەزەییانەترین شێوازەکانی توندوتیژی و سووکایەتی لەدژی ژنان لە ڕژێمی ئیسلامیدا بە یاسایی کران. سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ وەک هێمای کۆیلەیی ژن، منداڵ-هاوسەری، پەرەپێدانی لەشفرۆشی لە ژێر ناوی سیغە، چاوپۆشی یاسایی لە کوشتنی ژنان بە بیانووی نامووس، بێبەشکردنی ژنان لە مافی سەرپەرشتیکردنی منداڵ، زەوتکردنی مافی دادوەری لە ژنان، زەوتکردنی مافی گەشتکردن بەبێ ئیزنی پیاوان و بە یاساییکردنی مافی دوو ژن بەرانبەر بە یەک پیاو، تەنها بەشێکن لە یاسا دژە-ژنەکانی ڕژێمی ئیسلامی بەڵام بە بارتەقای هەموو ڕەهەندەکانی دڕندەیی و سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی لە دژی ژنان، خەبات و خۆڕاگریی ژنان لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوو لە کۆمەڵگا و لە ناوەندەکانی کاردا، بێ پسانەوە بەردەوام بووە کە ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی (ژن، ژیان، ئازادی)، واتە لوتکەی ئەم ئاخێزە مێژووییە، نیشانی دا کە ئەمڕۆکە ژنان جێگە و پێگەی هەرە بەرزیان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە دادپەروەر و یەکسانیخوازەکاندا بەدەست هێناوە. لەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەدا ژنانی توانا، وشیار، بوێر و فیداکار نیشانیان دا کە شایستەترینن بۆ بەڕێوەبردنی جیهانێکی بێ شەڕوشۆڕ، بێ کوشتار و لێوانلێو لە ئاشتی، مرۆڤدۆستی و خۆشەویستی. بە هەڵکەوت نەبوو کە سەرپۆشەکان دەسووتێنران، ژنان پێشەنگایەتی خۆپیشاندانەکانیان لە ئەستۆ بوو، لەسەر گڵکۆی گیانبەختکردوان لەبری وتاری و بانگەشەی ئاخوندە ئایینییەکان، سروودی و شێعری شۆڕشگێڕانە دەخوێندرانەوە و بەیاننامە و ڕاگەیەندراوی مژدەبەخش لەدژی هۆکارەکانی هەڵاواردن و چەوساندنەوەی ژنان، واتە ئایین، پیاوسالاری و سەرمایەداریی، دەنووسران و بڵاو دەکرانەوە

کەم نین ئەو ژنە تێکۆشەر و خۆڕاگرانەی کە لەناو زیندانەکانی حکوومەتی ئیسلامیدا خەباتیان کرد، بەچۆکدا نەهاتن و گیانی ئازیزیان لە ڕێگای ئامانجە بەرزەکانیاندا بەخت کرد. کەم نین ئەو ژنە خەباتکارانەی کە هەموو تابۆکانیان شکاند و لە خەبات و خۆڕاگریی چەکدارانە و سەربەرزانەی کوردستان لە بەرانبەر هێرشی هێزی سەرکوتگەری حکوومەتی ئیسلامیدا قارەمانانە خەباتیان کرد، گیانیان بەخت کرد و بوونە ئەفسانەی هەزاران ژن و کچی شۆڕشگێڕ کە ناویان وەک ڕەمزێک بۆ نەوەکانی داهاتوو بە زیندوویی دەمێنێتەوە. کەم نین ئەو ژن و کچە بێزار و وەگیانهاتووانە لە ستەم و سەرکوت، کە چارشێو و حیجابی زۆرەملێی ئیسلامی، ئەم سیمبولی وەحشیگەری و بەربەرییەتی پیاوسالاری ئایینییان، لە مەیدان و شەقامەکاندا ئاگر تێبەردا و بانگی یەکسانی و مرۆڤایەتییان بەرز کردەوە. کەم نین ئەو ژن و کچانەی کە لە نارەزایەتی و خەباتی مافخوازانە و بەردەوامی کرێکاران، خوێندکاران، مامۆستایان، خانەنشینان و دادخوازاندا، بە بەرزکردنەوەی دروشمی ئازادی و یەکسانیی، هاتنە سەر شەقامەکان، سنگیان لە بەرانبەر سەرکوتگەرانی بێبەزەییدا کردە قەڵغان و ترسی مەرگیان خستە ناو جەستەی لەرزۆکی حکوومەتی ئیسلامی ئێرانەوە

لە ئێرانی ژێر دەسەڵات و سەرکوتی کۆماری ئیسلامیدا، ڕۆژی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن، ڕەسمییەتی یاسایی نییە. دژایەتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەم ڕۆژە، لە دژایەتی ئەم حکومەتە لەگەڵ ژنان و هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازییەوە سەرچاوە دەگرێت. ٨ی مارسی ئەمساڵ دەتوانێت ببێتە ڕۆژی خستنەڕووی ویست و داخوازییەکانی ژنان، ڕۆژی بانگەوازی یەکسانی ژن و پیاو، ڕۆژی نارەزایەتی دژبە توندوتیژی لەدژی ژنان لە کۆمەڵگای ڕوو لە ئاڵوگۆڕی ئێراندا. ویست و داخوازییەکانی ژنان، ویست و داخوازی چینی کرێکار و بەشی وشیار و پێشکەوتنخواز و یەکسانیخوازی کۆمەڵگایە

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وێڕای بەرزڕاگرتنی ڕۆژی جیهانی ژن، داوا لە سەرجەم ژنان و پیاوانی وشیار و یەکسانیخواز دەکات کە لەم ڕۆژەدا لەدژی ستەم و سەرکوت لەسەر ژنان و سیاسەتە دژە-مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی، کۆڕ و کۆبوونەوەی نارەزایەتی بەڕێوە ببەن

**حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**مارسی ٢٠٢٥**
**ڕەشەمەی ١٤٠٣**

****

**پێشڕەو**
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزادە

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
:Add
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

ڕادیۆکان
بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست پاش بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

## ڕاگەیەندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە سەبارەت بە ڕۆژی جیهانیی فێربوون بە زمانی دایک

ڕۆژی هەینی ٢١ی فێوریە بەرامبەر بە ٣ی ڕەشەمە، ڕۆژی جیهانیی فێربوونی زمانی دایکە. فێربوون و پەروەردە بە زمانی دایک سەرەتاییترین و ئاساییترین مافی هەر مرۆڤێکە لە هەر گۆشەیەکی جیهاندا. ئەمڕۆ لە بەشێکی گەورەی جیهان، مافی فێربوون بە زمانی دایک بە فەرمی ناسراوە و بە ملیارد کەس لەم مافە بەهرەمەندن. وڵاتێکی پڕ حەشیمەتی وەک هیندستان یەکێک لەو نموونایە کە تێیدا دەیان زمانی فەرمی بوونی هەیە و فێرکردن بە هەموو ئەم زمانانە بەڕێوە دەچێت. گەلێک وڵات لە جیهاندا هەن کە تێیاندا دوو یان سێ زمان بە فەرمی ناسراو، نەک هەر لە کاروباری فێرکردن و پەروەردەدا ڕێکخراون، بەڵکوو زمانی ئیداری، میدیایی و یاسایی، هەمان زمانی دایکە کە ئەندامانی بنەماڵەکان لە ماڵەوە قسەی پێ دەکەن، نموونە بەرچاوەکانی بریتین لە وڵاتەکانی هیند، سویس، کانەدا و ئیسپانیا سەدان ساڵە پسپۆڕانی بواری زمان لەسەر ئەو باوەڕەن کە فێربوون و خوێندن بە زمانی دایک فاکتەرێکی گرنگە لە گەشە کردن و فێربوونی منداڵاندا و بە فەرمی نەناسینی ئەم مافە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن و کێشەیەکی زۆر لە بوارە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان و گەشەی منداڵاندا. جگە لەوەی کە فێربوون بە زمانی دایک مافێکی سەرەتایی و مرۆیی هەر تاکێکە لە جیهاندا، پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵگاش لە گرەوی گەشەکردنی هەموو بەهرە و تواناکانی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایەدایە کە فێربوون بە زمانی دایک یەکێکە لە پایە بنەڕەتی و گرنگەکانی منداڵان دەتوانن چەندین زمان بە ئاسانی فێر ببن و منداڵانی چەند زمانە خاوەنی توانایەکی باشتر و زیاترن بۆ فێربوون. بە فەرمی ناسینی مافی خوێندن لە هەموو ئاستەکاندا بە زمانی دایک، ڕۆکنێکی بنەڕەتییە لە پێگەیشتوویی و شکڵگرتنی کەسایەتی تەندروستی منداڵان و تازە لاوان و هەروەها ڕێگایەکە بەرەو گەشە کردن و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا لەگەڵ هەموو ئەمانەدا لە ئێران کە وڵاتێکی چەند زمانەیە، لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمەکانی شا و کۆماری ئیسلامی، وەک بەشێک لە ستەمی نەتەوەیی، مافی فێربوون بە زمانی دایک لە ملیۆنان خوێندکاری کورد، تورک، عەرەب، بەلووچ و هتد، بە شێوەیەکی پلان بۆ داڕێژراو و سیستەماتیک پێشێل کراوە. کۆماری ئیسلامی نەک تەنها فێربوونی بە زمانی دایک قەدەغە کردووە، بەڵکوو بە ئەمنییەتی کردنی ئەو پرسە، هەڵسووڕاوانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و زمانی، لەگەڵ زیندان و ئەشکەنجە بەرەوڕوو کردۆتەوە لە ئێراندا منداڵ هەر لە سەرەتای چوونە ناو باخچەی ساوایان، یان قوتابخانە، خۆی لەگەڵ ئەو ژینگە نوێیەدا نامۆ دەبینێ و لەو ڕووەوە کە دەستی بە دایک و باوک و کەسانی نزیکیشی ناگات، بە شێوەیەکی سروشتی هەست بە ترس و نیگەرانی دەکات. قسەکردنی مامۆستا بە زمانێکی دیکە، ئەم ترس و نامۆییەی منداڵ دوو هێندە دەکات. بەردی بناغەی پەیوەندی نێوان منداڵ و مامۆستا، لەسەر ئەم نامۆییە بنیات دەنرێت. لە کاتێکدا ئەم ترسە لە ڕێگەی زمانێکی هاوبەشەوە کە بە گوێی منداڵ ئاشنایە، دەکرێت چارەسەر بکرێت. ڕێزگرتن لە مامۆستا جێگەی ترس لێی، دەگرێتەوە. پردێک لە نێوان بنەماڵە و قوتابخانە دروست دەبێت. منداڵ فێرکارییەکان بە هێمنییەکی زیاتر فێر دەبێت و متمانە بەخۆ تیایدا بەهێز دەبێت. توێژینەوە زانستییە متمانەپێکراوەکان نیشان دەدەن کە پرسی فێرکردن و پەروەردە لانیکەم تا تەمەنی ١٠ ساڵی دەبێت بە زمانی دایک بێت. تەنها لەم حاڵەتەدایە کە منداڵ لە توانایی گەشەی کەسایەتی خۆی بە تەواوی سوود وەردەگرێت و بەهرەکانی دەپشکوێن. توانایی لە بەکارهێنانی زمانی دایک، منداڵ لە فێربوونی زمانەکانی دیکەدا بەتواناتر دەکات. بەم شێوەیە ڕێگا بۆ فێربوونی زمانی دووەم و سێیەم و دەستڕاگەیشتن بە فەرهەنگ و بیرکردنەوە خۆش دەبێت. لە قۆناغەکانی دواتری فێربوون بە زمانی دایک، توانایی لاوان و تازە لاوان لە پرسی دەوڵەمەندتر کردنی فەرهەنگ و هزری کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا ئاستێکی بەرزتر بەخۆیەوە دەبینێت. بەم جۆرە جیهانی دەوروبەری منداڵ و لاو و تازە لاوان بەرینتر دەبێت. ئێستا بەم وەسفەوە دەتوانین بهێنینە بەرچاومان ڕژێمێک کە ئەم مافە سەرەتاییە لە ملیۆنان منداڵی نیشتەجێی ئەم وڵاتە زەوت دەکات، لە ڕاستیدا چ تاوانێک لە دژی ئەم نەونەمامانە و لە دژی هێزە بونیادنەرەکانی داهاتووی ئەم کۆمەڵگایە ئەنجام دەدات توێژینەوە کۆمەڵناسییەکان لە بواری فێرکردن و پەروەردە لە ئێران نیشانی داوە کە ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن و ناسەرکەوتوویی لەو ناوچانەی ئێران کە زمانی خەڵکەکەی فارسی نییە، بەرزترە و ئاستی شادی و ڕەزامەندی منداڵان و خوێندکاران زۆر نزمترە فێربوون بە زمانی دایک، لە هەموو ئاستەکاندا، قسەکردن بە زمانی دایک لە فەرمانگە حکومییەکان و لە شوێنی کار و هەروەها ئامادەبوون لە میدیا و ڕاگەیاندنەکان بە زمانی دایک، مافێکی بێ ئەملاو ئەولای هەر مرۆڤێکە.

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە**
**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**٣ی ڕەشەمەی ١٤٠٣ی هەتاوی**

****

## ڕاگەیەندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
## لە مەحکووم کردنی حوکمی سەرلەنوێی لە سێدارەدان بۆ چالاکوانی کرێکاری شەریفە محەممەدی



ڕۆژی پێنجشەممە ٢٥ی ڕێبەندان، شەریفە محەممەدی، چالاکوانی کرێکاری زیندانیی لە زیندانی لاکانی ڕەشت، دوای ئەوەی حوکمی لەسێدارەدانی لەلایەن دادگای باڵای دادوەری ئێرانەوە ڕەتکرایەوە، لەلایەن دادگای ڕژێمەوە لەم شارە سەرلەنوێ حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا شەریفە محەممەدی مانگی سەرماوەزی ساڵی ڕابردوو دەستگیر کرا و تۆمەتی بێ بنەمای ئەندامێتی لە کۆمەڵەیان بۆ هەڵبەست. ئەم چالاکوانە کرێکارییە تا ساڵی ١٣٩٢ لە ڕێکخراوی کرێکاریی سەربەخۆی "کۆمیتەی هەماهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکاندا"، چالاکی کردووە. بەڵام کۆمیتەی هەماهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان، ڕێکخراوێکی نافەرمیی بوو کە بە ئاشکرا کار و چالاکی دەکرد و ئەندامەکانی بەپێی ئامانجی دیاریکراو لە پەیڕەوی ناوخۆدا کە بریتین لە: "پاراستنی ماف و بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و مووچەخۆرانی ستەملێکراو و باشترکردنی دۆخی ژیان و گوزەرانیان، بەدەستهێنانی ئازادییە دێموکراتیکەکان، یەکسانی مافی ژنان و پیاوان، هەڵوەشاندنەوەی کاری منداڵان و بە فەرمی ناسینی مافە مرۆییەکانیان و سەرەنجام ڕیشەکێشکردنی سەرجەم نایەکسانییە مرۆییەکان و چەوسانەوەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ"، چالاکییان کردووە

لە کاتی ڕاگەیاندنی پێکهاتنی کۆمیتەی هەماهەنگی لە بەهاری ساڵی ١٣٨٤ەوە تا دوا کۆبوونەوەی لە بەهاری ساڵی ١٣٩١، دەیان ئەندامی ئەم ڕێکخراوەیان دەستبەسەر و دادگایی کردووە، بەڵام هیچ دادگایەک، بەڵگەیەکی سەلمێنەری پەیوەندی کۆمیتەی هەماهەنگی بە کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی)، نەخستووەتە ڕوو و تەنیا لە زومرەی ئەو تۆمەتانە بووە کە لەلایەن لێکۆڵەرەوانی ئیتلاعاتەوە بە مەبەستی گوشار و پەروەندەسازی بۆسەر ئەندامانی دەستبەسەرکراو، بەکار هێنراوە

ئێمە دەرکردنی سەرلەنوێی ئەم حوکمە دژە مرۆییە بە توندی سەرکۆنەدەکەین و داوا لە سەرجەم ڕێکخراوەکرێکارییە نێودەوڵەتی، سۆسیالیست، چەپ و پێشکەوتنخوازەکانی جیهان دەکەین کە هاوڕێ لەگەڵ ڕێکخراوە کرێکارییەکان و سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران، بە هەموو تواناوە دژی ئەم حوکمە ناعادڵانەیە هەنگاو بنێن

**کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە**
**(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)**
**٢٩ی ڕێبەندانی ١٤٠٣ی هەتاوی**

****

**لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا**
@Komalamedia
@Komala

**ماڵپەڕی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
Tvkomala.com

**ماڵپەڕی هەواڵنێری پەیام**
Payaam.net

**ماڵپەڕە حیزبیەکان**
Komalah.org
Cpiran.net
yadihawrean.com




ڕۆژی پێنجشەممە دووی ڕەشەمە، بەرامبەر بە ٢٠ی فێوریەی ٢٠٢٥، بەپێی ڕۆژمێری نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆژی جیهانی "دادپەروەری کۆمەڵایەتی" بوو. بەهێزکردنی دادپەروەری بە مەبەستی داهاتوویەکی سەقامگیر، وەک ئامانجی سەرەکی ڕێوڕەسمەکانی ئەمساڵ دیاریکراوە. نووسیویانە مەبەست لەو دروشمەی سەرەوە، بریتییە لە مسۆگەرکردنی هەنگاونان بەرەو داهاتوویەکی کە بنەمای سەرەکی ئابووریەکەی بریتی بێت لە بەرهەمهێنانی ڕێژەی کەربۆنی کەمتر، بەتایبەت لە بەرژەوەندی مرۆڤە لاواز و زیانلێکەوتووەکاندا بێت. لە ڕوانگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، پێویستە بەردەوامی و سەقامگیری ژینگە، گرێ بدرێت بە دادپەروەری کۆمەڵایەتییەوە. مەبەست لە دادپەروەری کۆمەڵایەتیش بەمشێوەیە پێناسە کراوە: لە ڕێگەی ڕەخساندنی هەلی کار، سەرلەنوێ پەروەردەکردنی پسپۆڕی و لێهاتوویەکان و هەروەها دابینکردنی پشتیوانی بەهێزی کۆمەڵایەتییەوە، ڕێوشوێنێک دابنرێت بۆ ئەوەی کە وەڵامی پێداویستییەکانی کرێکاران، کۆمەڵگە پەراوێزکەوتووەکان و خەڵکی خۆجێیی بدرێتەوە. بە چاوخشاندنێکی سادە بەسەر کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکانی ئەمڕۆدا، بە ڕوونی لەوە تێدەگەین کە ئەم چاوەڕوانیانە نایەنەدی. دوای شەڕی دووەمی جیهانی، سەرمایەداران بەهۆی بەدەستهێنانی قازانجێکی زۆر لە کرێکارانی کۆمەڵگە ژێردەستەکان و تاڵانکردنی کەرەستە خاوەکانیان، لە هەندێک لە وڵاتەکانی ڕۆژئاوا لەژێر گوشاری خەباتی کرێکاریدا، ناچاربوون جۆرێک لە دەوڵەتی خۆشبژێوی دامەزرێنن، کە بەو هۆیەوە بژێوی کرێکاران تا ڕادەیەک باشتر بوو. بەڵام خودی سیستەمی قازانج تەوەری سەرمایەداری کە زانی ئاستی چاوەڕوانییەکانی کرێکاران بەرز بووەتەوە، بە پەنابردنە بەر نیۆلیبرالیزمی ئابووری و هێرشکردنە سەر ڕێکخراوە کرێکارییەکان، زۆربەی دەستکەوتەکانی دەوڵەتی خۆشبژێویی وەرگرتەوە. لە هەمان کاتدا ئەم سیستەمە بەپێی سروشتی خۆی و بەرهەمهێنانی کاڵایەکی زۆر و تەنانەت ناپێویست، ژینگەی بەرەو لەناوچوون بردووە. ئەم ڕۆژانە، ڕاستە توندڕەو و نیمچە فاشیستەکانی هاوشێوەی ترامپ و ترامپیزم، هەموو بەربەستەکانی بەردەم بەرهەمهێنانی خەڵووز و نەوت و گازیان لابردووە و ڕەوتی گەرمبوونی زەوی و تێکدانی گازە گوڵخانەییەکانیان خێراتر کردووە لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندنی وەک ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، ئاسەوارێک لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی نییە. لێرە، دۆخی زۆرینەی هاوڵاتیان تاقەت پروکێن و لە هەندێک حاڵەتدا کارەساتبارە. ڕژێمی ئیسلامی بە دروشمی دابینکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، هاتە سەر کار و ئێرانی کردە دۆزەخ. بەرپرسان و خورافەپەرستە خاوەن قەڵەمەکان، هێشتا بەوپەڕی بێشەرمییەوە باس لە بوونی دادپەروەری لە کۆمەڵگادا دەکەن. لە ڕاستیدا ئەوەی زۆرینەی خەڵکی ئێران دەیبینن و ئەزموونی دەکەن، پێچەوانەی ئیدیعاکانی کۆماری ئیسلامی دەسەلمێنێت. هەندێک لەو بابەتانەی کە خەڵک بەچاو بینیویانە و ئەزموونیان کردووە، دووبارە دەبنەوە. ئێران، کە یەکێکە لە دە وڵاتی دەوڵەمەندی جیهان، لەلایەن ڕژێمی ئیسلامییەوە وایلێهاتووە کە بەگوێرەی هەندێک لە سەرچاوەکان ٧٠٪ی دانیشتووانەکەی لەژێر هێڵی هەژاری ڕێژەیی و ڕەهادا دەژین کە لەم نێوەندەدا ٣٠ لەسەدیان تووشی هەژاریی ڕەها بوون و بەبێ یارمەتی ناتوانن بژێوی خۆیان و بنەماڵەکانیان دابین بکەن. لە بەرامبەردا تاقمێکی کە دەسەڵاتیان بەسەر حکوومەت و ئابووری مافیاییدا هەیە، بە وتەی مارکس سالاتەکەیان بە ئەڵماس و جەواهیراتی تر دەڕازێننەوە. لە نێوان ئەم توێژە هەژارەدا، ژنان و بەتایبەت دایکانی سەرپەرشتیاری بنەماڵە، زیاتر لە باقی چین و توێژە بێبەشەکان لەگەڵ هەژاریی لەڕادەبەدەر بەرەوڕوو دەبنەوە. ژمارەی منداڵانی کار و سەر شەقام و سواڵکەر ئەوەندە زۆر بووە کە مرۆڤ حەز ناکات مەگەر لە کاتی پێویستدا، لە ماڵ بێتە دەرەوە یان بۆ ئێران سەفەر بکات، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو دیمەنە دڵتەزێنانە بەرەوڕوو نەبێتەوە. سەرمایەدارە چاوچنۆکەکان و بەرپرسانی ڕژێم بەمەش ڕازی نەبوون و لەم ڕۆژانەدا کە دەبێت لانیکەمی حەقدەست دیاری بکرێت، بە وەڕێخستنی تەبلیغات و پڕوپاگەندە هەوڵدەدەن هاوشێوەی ساڵانی ڕابردوو، حەقدەستێکی چوار بۆ پێنج قات لەژێر هێڵی هەژاریدا دیاری بکەن و بەسەر کرێکارانیدا بسەپێنن. هەندێک لە بیرمەند و تیۆریسیەنەکانی نیزام ئەم دۆخە و تەنانەت لەوەش خراپتر بۆ هاتنی بوونەوەرێکی خەیاڵی بەناوی ئیمامی زەمان بە پێویست دەزانن. ئەمە تەنها یەکێکە لە نموونەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، لە ئیسلامی ئامرازی دەستی دەسەڵاتدارانی ئێران. لەپاڵ نەبوونی بە ئاشکرای دادپەروەری لە کۆمەڵگادا، تاڵانکەرانی هێزی کاری ژنان و پیاوانی کرێکار، بەوپەڕی چاوچنۆکییەوە کەوتوونەتە گیانی ژینگە و نایانەوێت تەنانەت جێگایەک بۆ دەرکەوتنی ئەو ئیمامە خەیاڵییەش بمێنێتەوە

**بەڵام هەموو بەڵگەکان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە زوو یان درەنگ ژنان و پیاوانی ئازادیخواز، سۆسیالیست و خەباتکاری چالاک لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی"، ئەم ڕژێمە چەوسێنەرە و دیکتاتۆرییە سەرەڕۆکەی لەگۆڕ دەنێن و ئاواتی هەزاران گیانبەختکردووی دەستی ئەمانە، کە بریتییە لە دابینکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ چین و توێژە چەوساوە و بێبەش لە مافە دێموکراتیکەکان، بەدی دێنن.**

ئەو دادپەروەرییە کۆمەڵایەتییەی کە ئەم خەباتکارانە لە پێناویدا خەبات دەکەن، خاوەنی تایبەتمەندییەکی دیاریکراوە کە لە پرۆسەیەکدا بەدەست دێت. لەو پرۆسەیەدا سەرەنجام ئەو بەرهەمهێنەرانی نێعمەتەی کە لە ڕێگەی هێزی کاری خۆیان و بە یارمەتی سروشت، ژیان و دەرفەتی گەشەکردنی داهێنانەکان دابین دەکەن، دەبێت بەسەر چارەنووسی خۆیاندا زاڵ بن. ئەوان دەوڵەتێک بنیات دەنێن کە بە دەسەڵاتدارێتی جەماوەریی و لە ڕێگەی شوڕاکانەوە دیموکراسی، ئازادی و خۆشبژێویی گشتی دابین دەکەن. لە ئاوا کۆمەڵگایەکدا کە تێیدا ئاسەوارێک لە چەوساندنەوە، ستەم و دیکتاتۆری نابێت، یەکسانی تەواو دادەمەزرێت و بەم شێوەیە دادپەروەری ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی وەدی دێت. بنیاتنانی سیستەمێکی لەو شێوەیە لە ئێران مومکینە. سەبارەت بە پاراستن و پەرەپێدانیشی، دەبێت بڵێین کە هەم بە پشتبەستن بە هێزی ناوخۆیی و هەم هێزی شۆڕشگێڕان و عەداڵەتخوازانی ژن و پیاوی کرێکار لە دەرەوەی وڵات، دەکرێت بە مانەوەی ئومێدەوار بین

****

# هەشتی مارس: ڕۆژی جیهانی ژن و خەبات لەپێناو ڕزگاری ژنانی ئێران



ن :کەریم ئەمانی

هەشتی مارس، ڕۆژی جیهانی ژن، وەبیرهێنەرەوەی خەباتی مێژوویی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێشە لەپێناو بەدەستهێنانی مافی یەکساندا. ئەم ڕۆژە سەرەتا لە نارەزایەتییەکانی ژنانی کرێکار لە کارگەکانی ڕستن و چنینی نیویۆرک لە ساڵی ١٩٠٨ ئیلهامی وەرگرت، کە خوازیاری بارودۆخی کاری باشتر، مافی دەنگدان و کۆتایی هێنان بە هەڵاواردن بوون. ساڵی ١٩١٠، کلارا زێتکین، هەڵسووڕاوی سۆسیالیست، لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ژنانی سۆسیالیست دا پێشنیاری کرد کە ڕۆژێک وەک ڕۆژی جیهانی ژن دیاری بکرێت بۆ ڕێزگرتن لە خەباتی مافخوازانەی ژنانی کرێکار و یەکسانی ڕەگەزی ئەمڕۆ، هەشتی مارس سنووری جوگرافی و چینایەتی تێپەڕاندووە و بووەتە ڕۆژی هاوپشتی جیهانی ژنان لە خەبات دژی ستەمی چەند لایەنەی ڕەگەزی، چینایەتی و سیستەماتیک دۆخی ژنان لە ئێران نموونەیەکی ئاشکرایە لە ستەمێکی چەندقات. ژنان لە ئێران نەک تەنها لەگەڵ هەڵاواردنێکی ڕەگەزیی جێگیر لە یاسا کۆنەپەرستەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو دەبنەوە، بەڵکوو لە پێکهاتەی نایەکسانی ئابووریدا، قورساییەکی زیاتر دەکەوێتە سەر شانیان. یاسا نایەکسانەکان لە بوارەکانی میرات، تەڵاق، سەرپەرشتی منداڵان، خوێنبەها، شایەتی و مافی سەفەرکردن، تەنها بەشێکە لە جیاکارییە یاساییەکان لە دژی ژنان حیجابی زۆرەملێ، کە وەک هێمای کۆنترۆڵکردنی جەستەی ژنان پێناسە دەکرێت، زیاتر لە چوار دەیەیە بووەتە ئامرازێک بۆ سەرکوتکردنی ژنان. بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» کە بەدوای مەرگی ژینا "مەهسا" ئەمینی لە ساڵی ١٤٠١دا سەری هەڵدا، نیشاندەری تووڕەیی و نارەزایەتی قووڵی ژنان و کۆمەڵگای ئێرانە بەرامبەر بەم کۆنترۆڵە سیستەماتیکە بەڵام کێشەی ژنان تەنیا خۆی لە حیجابی زۆرەملێ دا نابینێتەوە. بەڵکوو ژنانی کرێکار و زەحمەتکێشی ئێران لەگەڵ گەلێک کێشە و گرفت بەرەوڕوو دەبنەوە، لەوانە

- حەقدەستی نایەکسان بۆ کاری یەکسان
- ڕێژەی بەرزی بێکاری ژنان (زیاتر لە دوو بەرابەری پیاوان)
- نەبوونی ئەمنییەتی پیشەیی و گرێبەستی کاتی
- گێچەڵی سێکسی لە شوێنی کا
- بێبەشبوون لە دەستڕاگەیشتن بە هەندێک لە پیشەکان و هەروەها نەبوونی یارمەتی و پشتگیری کۆمەڵایەتی پێویست بۆ دایکانی لەسەرکار.

ئەم بارودۆخە لە ناوچە بێبەشکراوەکان و بۆ ژنانی سەر بە کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان بە ڕادەیەکی زۆر دژوارترە مێژووی هاوچەرخی ئێران شایەتی خەباتی بەردەوامی ژنانی ئازادیخوازە لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی یەکسان. لە بزووتنەوەی ژنانی شۆڕشی مەشرووتە بگرە تا نارەزایەتییەکانی ژنان لە دژی لابردنی حیجابی ڕەزاخان، لە بەشداری چالاکانەی ژنان لە شۆڕشی ١٣٥٧ەوە تا خۆڕاگریی بەرامبەر بە سیاسەتە جیاکارییەکانی دوای شۆڕش و لەم دواییانەشدا بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی «ژن، ژیان، ئازادی»، هەموویان نیشان دەدەن کە ژنانی ئێران هەرگیز بەرامبەر بە ستەم و هەڵاواردن بێدەنگ نەبوون خەباتی ژنانی ئێران خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی بێ هاوتایە

- زۆرێک لە هەڵسووڕاوانی مافەکانی ژنان لە ئێران، جەختیان لەسەر پەیوەندی لە پسانەنەهاتووی نێوان ستەمی

درێژە لە لاپەڕەی ٨

درێژە ی لاپەڕەی ٧

ڕەگەزی و چەوساندنەوەی ئابووری کردۆتەوە و دەیکەن
- ژنان لە ئێران هاوکات لە دژی یاساکانی هەڵاواردن، نەریتە باوکسالارییەکان و نایەکسانی ئابووری خەبات دەکەن
- ژنانی ئێران سەرەڕای هەموو ئاستەنگ و بەربەستەکان، ڕێگا و شێوازی داهێنەرانەیان بۆ بەرەوپێشبردنی خەبات و نارەزایەتییەکانیان دۆزیوەتەوە
* ڕزگاری ژنان لە ئێران بەبێ هاوپشتی جیهانی و خەباتی هاوبەش لە دژی هەموو جۆرەکانی ستەم و هەڵاواردن، مومکین نییە. لەم ڕووەوە
- دەبێت جەخت لەسەر پەیوەندی خەباتی فێمینیستی لەگەڵ بزووتنەوە کرێکاریی و دژە سەرمایەدارییەکان بکرێتەوە
- ڕزگاری ڕاستەقینەی ژنان تەنها بە گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پێکهاتەکانی ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی مسۆگەر دەبێت
- خەبات لە پێناو مافەکانی ژنان، ناتوانێت لە خەبات دژی سیستەمەکانی سەرکوت و چەوساندنەوە جیا بێت
هەشتی مارس دەرفەتێکە بۆ یادکردنەوەی ئەو ڕاستییەی کە خەبات لە پێناو ڕزگاری ژنان، خەباتە لە پێناو ڕزگاری سەرجەم کۆمەڵگا. لەم ڕۆژەدا، جێی خۆیەتی کە هاوپشتی خۆمان لەگەڵ ژنانی ئێران و هەموو ئەو ژن و پیاوە ئازادیخواز و یەکسانیخوازانەی کە لە سەرانسەری جیهان لە پێناو بەدیهێنانی دادپەروەری و یەکسانی دا خەبات دەکەن، ڕابگەیەنین هەشتی مارس تەنها ڕۆژێک نییە بۆ ڕێزلێنان، بەڵکوو ڕۆژی نوێکردنەوەی پەیمانە لەسەر بەردەوامبوونی خەبات. خەباتێک کە ئامانجی نەک تەنها لابردنی هەڵاواردنی ڕەگەزی، بەڵکوو هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرەکانی ستەم و چەوساندنەوەیە. لەم ڕێبازەدا، دەبێ ئەوەمان لەبیر بێت کە بە وتەی ڕۆزا لوکزامبورگ، «ئەوانەی کە ناجوولێن، هەست بە زنجیرەکانیان ناکەن»

**بژی هەشتی مارس، ڕۆژی جیهانی ژن!**
**بژی هاوپشتی جیهانی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز!**

****




**یەکەم:** دەوڵەتی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی فەرمانی جێبەجێکاری ترامپ و گەڕانەوەی سیاسەتی زۆرترین گوشار و دەنگۆی ناردنی نامەی ناوبراو بۆ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی کۆکردنەوەی دامەزراوەکانی وزەی ناوەکی، لەناوبردنی مووشەکەکان و وازهێنان لە چەکە باوەکان و هەروەها هەڵوەشانەوەی سپای قودس، لە لایەن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییەوە بە سیاسەتی تەسلیم کردنی ڕژێم و هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران دادەنرێت. وەڵامی ترامپ بە نیشاندانی گڵۆپی سەوزی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و بە پشتگیری ڕێبەری ڕژێم بۆ وتووێژ، بریتی بوو لە سیاسەتی زۆرترین گوشار. ئەم سیاسەتەی ترامپ لەگەڵ کاردانەوەیەکی ڕوون و توندی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو بووەوە. خامنەیی سەبارەت بە وتووێژ لەگەڵ ترامپ وتی "وتووێژ لەگەڵ ئەمریکا، کارێکی ژیرانە، ئاقڵانە و شەرافەتمەندانە نییە و کاریگەری لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵات نابێت". ئەم هەڵوێستەی ناوبراو کۆتایی بە ماوەیەک باس و خواس لەسەر وتووێژ هێنا. وتارەکانی مەسعوود پزشکیان لە تاران و وتاری عەباس عەراقچی لە هەمەدان لە ڕۆژی بیست و دووی ڕێبەندان، بەپێی ئەو هەڵوێستە ئەنجام دران. وادیارە بەرپرسانی ڕژێم پەیڕەوەی لە سیاسەتێکی یەکگرتوو دەکەن بەرامبەر بە ئەمریکا و ئامانجی ترامپ بە تەسلیم کردنی کۆماری ئیسلامی هەڵدەسەنگێنن. کاردانەوەی بازاڕ بۆ ئەم بارودۆخە، بە تەواوی ڕوونە. دۆلار بە خێرایی نزیک بۆتەوە لە سنووری سەد هەزار تمەن گومان لەوەدا نییە کە شەڕ و کێشمەکێشی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانانی، تەواو بە زیانی بەرژەوەندی چینی کرێکار و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و ناوچەکەیە. هەروەک چۆن بەرتەسک بوونەوەی بازنەی گەمارۆ ئابوورییەکان، بارودۆخی کار و ژیانی بۆ کرێکاران و زۆربەی دانیشتوانی ئێران سەختتر کردووە، بەردەوامی کەش و هەوای شەڕیش، لە خزمەت بە ئەمنییەتی کردنی فەزای کۆمەڵگا و پەرەسەندنی سەرکوتدایە. لە بارودۆخێکی ئاوادا نابێت هیچ بەشێکی کۆمەڵگا لەبەر دژایەتی زۆر لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، یان بێ هیوابوون لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی خەبات و نارەزایەتییەکان لەپێناو ڕووخاندنی ئەم ڕژێمەدا، هیوا بە دەستێوەردانی ئیمپریالیستی ئەمریکا یان ئۆپۆزسیۆنە لایەنگرەکانی ببەستێت. چینی کرێکار و خەڵکی ستەمدیتووی ئێران دەبێت ئەوە بزانن کە بۆ کۆتایی هێنان بە کاریگەرییە وێرانکەرەکانی ئەم کێشمەکێشانە، هیچ ڕێگایەک جگە لە پەرەپێدان بە خەبات و نارەزایەتییەکان بە مەبەستی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و لەقاودانی ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی سیاسەتە ئیمپریالیستییەکانی دەوڵەتی ئەمریکا و ئەو بەشە لە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی بۆرژوازی کە هیوایان بە دەستێوەردانی ئەمریکا بەستووە، بوونی نییە

**دووەم:** بەرتەسک بوونی مەودای مانۆڕی کۆماری ئیسلامی لە نێوان زلهێزەکانی جیهاند کەش و هەوای سیاسی، تەبلیغاتی و شەڕەنگێزانەی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی، بابەتێک نییە تەنها لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا. لێرەدا پرسی وڵاتێکیش دێتە گۆڕێ کە لە ناوچەکەدا ڕۆڵ و پێگەیەکی تایبەتی هەیە. بەم هۆیەوە هەم بۆ چین و ڕووسیە، هەم بۆ ئورووپا و وڵاتانی عەرەبی، ئاراستەی ئەم بەرەنگاربوونەوەیە، گرنگییەکی تایبەتی دەبێت. لەم نێوەندەدا مەیدانی مانۆڕی کۆماری ئیسلامی بۆ کەڵک وەرگرتن لە کەلێنی نێوان زلهێزەکانی چین و ڕووسیە لەگەڵ ئەمریکا و هێزە ناوچەییەکان زۆر بەرتەسک بۆتەوە
- ڕوانگەی دیپلۆماسی چین سەبارەت بەم گرژییە، هێشتا زۆر ڕوون نییە. چین بەر لە دیاریکردنی هەڵوێستی خۆی لەم پەیوەندییەدا، چاوەڕێی ڕوونبوونەوەی پەیوەندی ئەمریکا لەگەڵ بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی ئەم وڵاتە بەرامبەر بە چین دەبێت. بەرژەوەندییەکانی چین لە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا ئەوەندە گرنگە کە کەمکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بۆ ئاسان دەکاتەوە
- سیاسەتی ڕووسیە بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی پاش پەیوەندی تەلەفۆنی ترامپ لەگەڵ پووتین و دەستپێکی وتووێژەکانی ئەو دوو وڵاتە لە عەرەبستانی سعوودی، سەبارەت بە شەڕی ڕووسیە و ئۆکراین، تووشی جۆرێک لە ئاڵۆزی و ناڕوونی بووە. وادیارە ئەمریکا بڕیاری خۆی لەم بارەیەوە داوە و تەنانەت بە پشت کردن لە هاوپەیمانە ئورووپاییەکانی، خوازیاری سازش و ڕێککەوتن لەگەڵ ڕووسیە و خۆ دەربازکردن لە شەڕی ئۆکراین و هەڵگرتنی گەمارۆکان لە دژی ئابووری ڕووسیەیە. لەم حاڵەتەدا، چیتر بانکەکان و کۆمپانیاکانی ڕووسیە ناتوانن هۆکارێک بن بۆ دەربازبوون و دەورلێدانەوەی گەمارۆکان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە و وەها بارودۆخێک هەلومەرجەکە بۆ کۆماری ئیسلامی دژوارتر دەکات. ئەگەرچی ستراتێژی ئەمریکا لە پەیوەندی لەگەڵ ڕووسیە ڕەهەندێکی بەرفراوانتری هەیە و لە بنەڕەتدا بە ئامانجی دوورخستنەوەی ڕووسیە لە هاوپەیمانی لەگەڵ چین بەڕێوە دەچێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕوون نییە کە لە بەرامبەر ئەو دەستکەوتانەی کە ترامپ لە ئۆکراین بە ڕووسیەی دەدات، دەیەوێت چ دەستکەوتێک لە ڕووسیە بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی بەدەست بهێنێت. سیاسەتێکی کە ڕووسیە لە سووریە گرتیەبەر، نموونەیەکی جێگەی نیگەرانییە بۆ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، بە جۆرێک کە گرتنەبەری سیاسەتی ڕوو لە ڕۆژهەڵاتی بۆ دەبێت بە ئاراستەیەکی پڕ هەزینە و بێ ئەنجام
- سیاسەتی ئورووپا لە خولی یەکەمی سەرۆک کۆماری ترامپدا، بریتی بوو لە پشتگیریکردن لە بەرجام. بەڵام بەهۆی پشتگیری کۆماری ئیسلامی لە ڕووسیە، ئورووپاییەکان پەیوەندی خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی گۆڕی. ئێستا لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ئۆکراین، ڕوون نییە کە ئەم فاکتەرە تا چ ڕادەیەک هێشتا کارایی سیاسی دەبێت. لە لایەکی ترەوە گرنگی پێنەدانی ئەمریکا بە ڕۆڵی وڵاتانی ئورووپا لە وتووێژەکانی نێوان ئەمریکا و ڕووسیە سەبارەت بە ئۆکراین و هەوڵی ئورووپا بۆ بەدەستهێنانی پێگەیەکی سەربەخۆ لە جیهاندا، ئەم پرسیارە گرنگە دەخاتە ڕوو کە ئایا ئەم وڵاتانە بە تایبەتی سێ وڵاتی ئاڵمان، فەڕانسە و ئینگلیس، لە مەسەلەی سیاسەتی گوشاری زۆرینە، لە پەنای ئەمریکادا دەبن و ئامادەن میکانیزمی ماشە کە لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢٥دا کۆتایی دێت، چالاک بکەنەوە، یان هەوڵ دەدەن وەک جەمسەرێکی کە دەیەوێت بەرەبەرە خۆی لە ژێر سێبەری ئەمریکا دەرباز بکات، سیاسەتێکی دیکە بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی بگرنە بەر. لێرەدا لەگەڵ بارودۆخێکی نوێ بەرەوڕووین کە گۆڕانکارییەکانی مانگەکانی داهاتوو، دەتوانێت ئاراستەکەی ڕوونتر بکاتەوە

**سێیەم:** ڕەوتی ڕوو لە کۆتایی شەڕی ڕووسیە و ئۆکراین ڕوانگەی نوێی دەوڵەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ڕووسیە و شەڕی ئۆکراین، دەستپێکی ڕەوتێکە کە کۆتایی بە شەڕ لە ئۆکراین دەهێنێت. کردار و سیاسەتە هێرشبەرەکانی ترامپ لە ڕۆژانی ڕابردوودا، لە ئاستی دەوڵەتەکانی ئورووپا بە تایبەتی لە ئۆکراین، لەگەڵ دژایەتییەکی زۆر بەرەوڕوو بووە. دیارترینی ئەم کردارانە دیداری وەزیرانی دەرەوەی ئەمریکا و ڕووسیە لە ڕیاز، پایتەختی عەرەبستانی سعوودی بوو. لەم کۆبوونەوەیەدا کە ڕۆژی ١٨ فێوریە (٣٠ ڕێبەندان) بەڕێوەچوو، دەوڵەتەکانی ئۆکراین و ئورووپا بانگهێشت نەکرابوون. لایەنەکانی ڕووسیە و ئەمریکا بە گشتی لەسەر سێ ئامانجی سەرەکی لەوانە: گەڕاندنەوەی کارمەندانی باڵیۆزخانەکانی خۆیان لە واشنگتۆن و مۆسکۆ، پێکهێنانی تیمێکی پلەبەرز بۆ پشتگیری لە وتووێژەکانی ئاشتی ئۆکراین و هەروەها تاوتوێکردنی ئەگەری پەرەپێدانی هاوکاری ئابووری و پەیوەندی دیپلۆماسی نزیکتر، ترکیزیان کردبوو. ئەم دانیشتنە ئەو ناکۆکیانەی کە لە کاتی هاتنە سەرکاری ترامپەوە لە نێوان دەوڵەتەکانی ئورووپا و لەوانە ئۆکراین و کابینەی ترامپدا سەری هەڵدابوو، قووڵتر کردەوە. زێلینسکی ڕایگەیاند هەر ڕێککەوتنێک کە بەبێ ئامادەبوونی نوێنەرانی دەوڵەتەکەی بەدەست بێت، بە فەرمی ناناسێت. چەند

درێژە لە لاپەڕەی ٩

درێژە ی لاپەڕەی ٨

وڵاتی ئورووپایی، نوێنەرانی یەکێتی ئورووپا و ناتۆش لەسەر بانگهێشتی ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆک کۆماری فەڕانسە، ڕۆژی چوارشەممە ١٩ی فێوریە (یەکی ڕەشەمە) لە پاریس کۆبوونەوە بۆ ئەوەی ڕایبگەیەنن کە بەبێ ئامادەبوونی دەوڵەتەکانی ئورووپا و بە تایبەتی ئۆکراین، هیچ جۆرە ئاشتییەکی سەپێنراو، قبوڵ ناکرێت. بەڵام لایەنە بانگهێشتکراوەکان لە کۆشکی ئیلیزە، بەهۆی ناکۆکی و جیاوازی بۆچوونەکانیانەوە، نەیانتوانی بگەنە هەڵوێستێکی هاوبەشی چاوەڕوانکراو، وەک ئەوەی کە ماکرۆن دەیەویست

**چوارەم:** کرێکارانی ئێران و لانیکەمی حەقدەستی ساڵی ١٤٠٤

لە کاتێکدا کەمتر لە مانگێکی ماوە بۆ کۆتایی ساڵی ١٤٠٣، هێشتا بڕیاری شۆڕای باڵای کار سەبارەت بە دیاریکردنی حەقدەستەکانی ساڵی داهاتوو ڕانەگەیەنراوە. وادیارە ئەم شۆڕا حکومییە بە نیازە تا دوا ساتەکانی کۆتایی ئەمساڵ بڕیاری خۆی لەم بارەوە ئاشکرا نەکات. هەر لە ئێستاوە ئاشکرایە کە ڕێژەی حەقدەستی کرێکاران بۆ ساڵی داهاتوو، وەک هەمیشە چەند قات لەژێر هێڵی هەژاریدا دەبێت. بەڵام سەرەڕای ئەوەش تەنانەت هەر ئەم حەقدەستە کەمەش تەنها بەشێکی بچووک لە کۆی کرێکارانی لەسەرکاری کەرتی گشتی و تایبەت کە یاسای کار دەیانگرێتەوە لەخۆ دەگرێت. زۆربەی هەرەزۆری کرێکارانی ئەو کارگایانەی کە ژمارەیان لە یەک ملیۆن زیاترە و ملیۆنان کرێکار تێیاندا دەچەوسێنرێنەوە، هەروەها سەدان هەزار کرێکاری کاتی و ئەو ژن و منداڵانەی کە لە ماڵەوە خەریکی بەرهەمهێنانی بەرهەمە لاوەکییەکانن، یاسای کار نایانگرێتەوە و گەلێک جار تەنانەت حەقدەستێکی زۆر کەمترە لەو لانیکەمانەی کە لەلایەن شۆڕای باڵای کارەوە دیاری دەکرێت وەردەگرن. کۆمیتەی حەقدەستی سەر بە شۆڕای باڵای کار، نرخی سەبەتەی بژێوی کە هەموو پێداویستییە گرنگەکانی ڕۆژانە لەخۆدەگرێت بە بڕی ٢٣ ملیۆن تمەن و پێنج سەد هەزار مەزەندە کردووە. ئەم ڕەقەمە لەسەر بنەمای تێکڕای نرخی پێداویستییە سەرەکییەکانی بنەماڵەیەکی کرێکاری چوار کەسی دیاری دەکرێت. بەڵگەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ڕژێم بە نیازی نییە تەنانەت ئەم ڕەقەمەش کە لەلایەن کۆمیتەی حەقدەستەکانەوە دیاریکراوە، بکاتە پێوەر. هیچ ڕۆژێک نییە کە بە سەدان بنەماڵەی کرێکاری بەهۆی شەپۆلی بێکارکردنەکانەوە، تەنانەت ئەم لانیکەمانەش لەدەست نەدەن. وەک ئەوەی کە ئاکامی هەموو قەیرانەکان، لەوانە قەیرانی درێژخایەن و ڕکوودی سەرمایەداری ئێران، گەندەڵی جێگیر لە دام و دەزگای پان و بەرینی بیرۆکراسی دەوڵەتی و چڕبوونەوەی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان، هەموو بەیەکەوە بەسەر سەری کرێکاران، پەراوێزخراوان و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگادا خراپ بووبێت. هەموو بەڵگەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ئەمساڵیش لە باشترین حاڵەتدا ٣٠ لەسەد بە لانیکەمی حەقدەستی ساڵی ڕابردوو زیاد دەکرێت، لە کاتێکدا هەر ئەم نوێنەرە دەوڵەتییە بە ڕواڵەت کرێکاریانە بەراوردیان کردووە کە بنەماڵەیەکی کرێکاری چوار کەسی لە مانگدا لانیکەم پێویستییان بە ٣٦ ملیۆن تمەن هەیە بۆ ئەوەی بتوانن تێچووی ژیانێکی مەمرە و مەژی دابین بکەن. واقیعییەت ئەوەیە کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و بە گشتی سیستەمی سەرمایەداری ئێران، لە گێژاوی قەیرانێکی ئابووری هەمەلایەنەدا گرفتار بووە و وەک هەمیشە بۆ کەمکردنەوەی ئەم قەیرانە، پەنا دەباتە بەر ئاسانترین و بەردەست ترین ئامراز کە بریتییە لە چەوساندنەوەی هەرچی زیاتری کرێکاران. لەمڕووەوە بە دڵنیاییەوە لە ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستانی فێڵبازانەی شۆڕای باڵای دیاریکردنی حەقدەستەوە، نانێک ناخرێتە سەر سفرەی کرێکاران. بەڵام کرێکاران بە هەماهەنگ کردن و یەکگرتووکردنی خەباتی ڕوو لە گەشەی خۆیان، دەتوانن هەلومەرجێکی کار و ژیانی باشتر بە سەر ڕژێم و چینی سەرمایەداری ئێراندا بسەپێنن. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی کە دەستیان بەسەر سەرچاوەکانی سامانی ئەم کۆمەڵگایەدا گرتووە، تا ئەو کاتەی کە نەکەونە ژێر گوشاری خەباتی یەکگرتووانە و سەرتاسەری کرێکارانەوە، هیچ گۆڕانکارییەک لە ژیانی کرێکاران و بنەماڵەکانیاندا پێک ناهێنن

**پێنجەم:** بزووتنەوەی خوێندکاری سەر لەنوێ دێتەوە مەیدان

میر محەممەد خالقی، خوێندکارێکی تەمەن ١٩ ساڵەی بەشی بەڕێوەبردنی کار و کاسبی زانکۆی تاران، ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ٢٤ی ڕێبەندان لە کاتی چوونە دەرەوە لەو زانکۆیە، لە هێرشێکی تەمومژاویدا بە چەقۆ گیانی لەدەستدا. مەرگی ئەو خوێندکارە بێتاوانە، بووە هۆی تەقینەوەی ڕق و تووڕەیی پەنگخواردووی خوێندکارانی بەشەناوخۆییەکانی زانکۆی تاران و تەنانەت زانکۆکانی تریشی گرتەوە. گروپە جیاوازە خوێندکارییەکان چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەڕێوەبرد. ئەم کوشتنە بەدەستی تاوانکارانێکی کە خۆیان قوربانی دارمانی ئابووری کۆمەڵگا و بێ ئاسۆیی لاوانن، خەمێکی گەورەی خستە دڵی خوێندکاران و کۆمەڵگای خاوەن ویژدانی وڵاتەوە. کوشتنی دڵتەزێنی گەنجێکی دانیشتووی ناوچەکانی هاوسنووری ئەفغانستان کە بە هەزاران هیواوە بۆ درێژەدان بە خوێندن هاتبووە تاران و یەکەم ڕۆژی کاری خۆی ئەزموون دەکرد، شەپۆلێک لە ناڕەزایەتی ڕەوای لە نێوان خوێندکارانی وڵاتدا پەرەپێدا. خوێندکاران لە ڕاگەیاندنەکاندا، لە ناڕەزایەتی چەند ڕۆژە و لە نوسینی دروشمی جۆراوجۆر لەسەر دیوارەکان لە دژی نەبوونی ئەمنییەتی گیانی خوێندکاران لە دەوروبەری بەشەناوخۆییەکان و تەنانەت زانکۆش، ناڕەزایەتییان دەربڕی. ئەوان حەراسەتی زانکۆ و سەرجەم سیستەمی ئەمنییەتی زانکۆ کە تەنها تەرکیز دەکەنە سەر کۆنترۆڵی سیاسی خوێندکاران و پرچی کچە خوێندکاران، بە بەرپرسی ئەم دۆخە دەزانن. حەراسەتی زانکۆ و ئەمنیەتییە لیباس شەخسییەکان هەوڵیاندا بە لێدان و ئەزیەت و ئازار و گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئەمنییەتی، لەگەڵ تووڕەیی و ناڕەزایەتی ڕەوای خوێندکاران بەرەوڕوو ببنەوە. بەڵام زۆر زوو لە ئاستی تووڕەیی خوێندکاران و مەترسی پەرەسەندن و ئەگەری تەقینەوەی ئەم تووڕەییە تێگەیشتن. بەرپرسانی حکوومی و بەتایبەت دەوڵەتی پزیشکیان، بە خێرایی دەست بەکار بوون. سەرۆکی بەشەناوخۆییەکانیان لابرد و کەسێکی تریان لە جێگەی دانا. وەزیری زانست داوای لێبوردنی کرد و دەسەڵاتی دادوەری باسی لە دەستگیرکردن و لێپرسینەوە لە تاوانکاران کرد و هێزی ئینتیزامیش بنکەیەکی پۆلیسی لە تەنیشت بەشەناوخۆییەکان دانا. دەسەڵات جارێکی تر لەگەڵ کابووسی بزووتنەوەی خوێندکاری و بزاڤەکانی ١٨ی پووشپەڕی ١٣٧٨ی بەشەناوخۆییەکانی زانکۆی تاران بەرەوڕوو بووەوە. ئاشکرایە کە بزووتنەوەی خوێندکاری جارێکی تر دەرکی بە هێز و تواناییەکانی خۆی کردووە و سەرلەنوێ هاتۆتەوە مەیدان. گەنجانی وڵات کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا شان بە شانی ژنانی بوێر، شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"یان بەرەوپێش بردووە، ئەمجارە لە شوێنی ژیان و خوێندنی بەشێک لە گەنجاندا، وردە وردە بە ڕێکخستنی ناڕەزایەتییە ڕەوا و مەدەنییەکان، خۆیان ڕێکدەخەن. بزووتنەوەی خوێندکاری سەرلەنوێ دێتەوە مەیدان بۆ ئەوەی لە پەنای بزووتنەوە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکانی تردا، بەوپەڕی لێبڕاوی و شێلگیرییەوە ڕۆڵی خۆی بگێڕێت

**شەشەم:** بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرەدەسێنێت




ڕۆژ نییە کە جموجۆڵە ناڕەزایەتییەکان لە چەندین شوێنی وڵات بەرچاو نەکەوێت. ناڕەزایەتی کرێکاران، پەرستاران، خوێندکاران، خانەنشینان، هاووڵاتیان لە دژی پیسبوونی هەوا و شۆفێران لە دژی کەمبوونی بەنزین و گازوئیل، هەر ڕۆژە و لە گۆشەیەکی ئێران لە ئارادایە. بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرەدەسێنێت ئەگەرچی ڕەوتی یەکگرتوویی و لێکنزیکبوونەوەکان لەگەڵ ئەم هەلومەرجەدا هاوئاهەنگ نییە. واقیعییەت ئەوەیە کە هەر بەشێک لە چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان بە خێراییەکی بەرچاو لە حاڵی خۆڕێکخستندان بەڵام هێشتا هێزێکی ڕێبەرایەتی کە بتوانێت ببێتە هەوێنی یەکگرتوویی، شکڵی نەگرتووە. ئەمە ئەو خاڵە لاوازەیە کە بووەتە هۆی ئەوەی ئەم ناڕەزایەتییانە نەتوانێت بە شێوەیەکی یەکگرتووانە و بە هێزێکی زیاترەوە کاریگەریی خۆی لەسەر ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی ئێستای وڵات دابنێت ئەزموونی ئەو خەبات و تێکۆشانە مافخوازانەی کرێکاران، ژنان، خوێندکاران و توێژە ستەملێکراوەکانی کۆمەڵگا کە چەندین جار سەریان هەڵداوە و نەگەیشتوونەتە ئامانجەکانی خۆیان، ڕاستییەکی سادە وەبیر هەموو لایەک دەهێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە بۆ سەرکەوتن بەسەر ڕژێمی ئیسلامیدا، پێویستە بەهێزتر بین و هەموو هێز و تواناکان بخرێتە گەڕ. ئەزموونی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەریی لە سەرتاسەری جیهان ئەوە نیشان دەدات کە خستنەگەڕی ئەم هێزە پێویستی بە ئامانجی ڕوون، ستراتێژی واقیعبینانە و کاریگەر، تاکتیکی دروست و هەوڵ و تێکۆشانی وشیارانە هەیە. بۆ ئەم مەبەستەش ئەرکی سەرشانی هێزە چەپەکانە کە لەپێناو دروستکردنی جەمسەرێکی کاریگەری چەپدا هەموو هەوڵەکانی خۆیان بە شێوەیەکی جیددی بخەنە گەڕ

**حەوتەم:** پەتی سێدارەکان بە مەبەستی تۆقاندن

پشتڕاستکردنەوەی سەرلەنوێی حوکمی لەسێدارەدان بۆ پەخشان عەزیزی جارێکی تر مەترسی لەسێدارەدانی ژنانی زیندانیی سیاسی پەرە پێداوە. لە پاڵ ئەم حوکمەدا، دوو ژنی تێکۆشەری دیکە واتە وریشە مورادی و شەریفە محەممەدیش حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە. پشتڕاستکردنەوە و جەختکردنەوە لەسەر بەردەوامی حوکمەکانی لەسێدارەدان بۆ ژنانی زیندانیی سیاسی و هەروەها بەردەوامی حوکمەکانی لەسێدارەدان لەدژی پیاوانی زیندانیی سیاسی، نیشانەی بڕیاری دەسەڵاتی فاشیستییە بۆ ڕاگرتنی هەڕەشەی سزای لەسێدارەدان بەسەر سەری چالاکانی سیاسی و مەدەنیدا. لە بەرامبەر ئەم حوکمە دژە مرۆییانەدا، نەسرین ستوودە و سەدیقە وەسمەقی بەشێوەیەکی هاوبەش خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی خێرای ئەم حوکمانە بوون و نووسیانە، ئەم حوکمانە "تۆڵەسەندنەوەیەکی ئاشکرایە لە بزووتنەوەی 'ژن، ژیان، ئازادی'". هەروەها

درێژە لە لاپەڕەی ١٠

## درێژەی: بنبەستی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر شۆڕشی جەماوەری و گوشارە دەرەکییەکاندا

٢٢٩ پارێزەری دادگوستەری لە نامەیەکدا بە ناونیشانی "جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدانی ژنانی زیندانیی، ویژدانی کۆمەڵگایەک بریندار دەکات" نووسیویانە، "ئەم سێ زیندانییە سیاسییە مەترسی مەرگێک هەڕەشەیان لێ دەکات کە نەک هەر بەپێی حوکمێکی دادپەروەرانە نییە، بەڵکو ئاکامی پرۆسەیەکی تەمومژاوی و ناڕوونە، مەرگێک کە ئەگەر ڕووبدات نەک تەنها گیانی مرۆڤەکان دەستێنێ، بەڵکوو ویژدانی کۆمەڵگایەک بریندار دەکات" خۆڕاگریی بەربڵاوی زیندانیانی سیاسی وبەردەوامبوونی مانگرتن لەخواردنی سێشەممەکانی نارەزایەتی لەدژی لەسێدارەدان لەزیاترلەسیوپێنج زیندانی ولات،لەپاڵ ئەوەدامانگرتنی سەرانسەری خەڵکی کوردستان لە نارەزایەتی بە حوکمەکانی لەسێدارەدان و نارەزایەتییە بەربڵاوەکانی بەشەکانی تری کۆمەڵگاش لە دژی ئەم سزا دژە مرۆییە، هێشتا نەیتوانیوە ئەم دەسەڵاتە جینایەتکارە ناچار بە پاشەکشە بکات بەرپێوەچوونی بەردەوامی سزاکانی لەسێدارەدان لە دژی قوربانیانی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیش، بە ئامانجی پیشاندانی بڕیاری دەسەڵاتە بۆ بەرگری لە بوون و مانەوەی خۆی لە ئەگەری تەقینەوەی کۆمەڵایەتی و هەڵچوونی توورەیی و بێزاریی جەماوەریدا واقیعییەت ئەوەیە کە دەسەڵات ڕێک لە بارودۆخێکدایە کە گوشارەکانی ئەمریکا بە مەبەستی ناچارکردنی ڕژێم بە پاشەکشە، پەرەی سەندووە و مەترسی ئاخێزە جەماوەرییەکانیش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر نیگەرانی دەکات، هەوڵدان بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک و ڕێگریکردن لە بەرەوپێشچوونی بزووتنەوە جەماوەرییەکان، وەک تەنها ڕێگای ڕزگاربوونی خۆی دەبینێت. بزووتنەوەیەکی کە بەردەوام لە نارەزایەتی کرێکاران، پەرستاران، خانەنشینان، خوێندکاران و زیانلێکەوتووانی دارایی دا خۆی نیشان دەدات و بێوچان درێژەی هەیە. بەرپرسانی دەسەڵات لەوپەڕی داماویدا هیوایان بەوە بەستووە کە بە پەنابردنە بەر دوایین ئامرازەکانی سەرکوت و ترس و تۆقاندن، دەتوانن پێش بە پێشڕەوی ئەو بزووتنەوەیە بگرن. ئەوان نازانن کە کۆمەڵگای ئێستا چیتر ترسی نەماوە و هەنگاوی بیرلێکراوە و بە شێنەیی جەماوەر، نیشانەی توانایی خۆڕێکخستنی ئەوان و هەوڵدانە بە مەبەستی هەنگاوەکانی ئامانجدار لەبری سەرهەڵدانی کوێر کوێرانە و بێ بەرنامە. شەڕی هەنگاو بە هەنگاوی دەسەڵات و جەماوەر، ڕۆژ بەڕۆژ هاوسەنگی هێز بە قازانجی خەڵک دەگۆڕێ و توانایی خۆڕێکخستنیان زیاتر دەکات و لە هەناوی خۆیدا ئۆرگانەکانی ڕێبەریی پێک دەهێنێت. پەنابردنە بەر ئامرازەکانی سەرکوتیش ناتوانێت کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر ئەم ڕەوتە دابنێت

**بڕووخێت ڕژێمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران**

**بژی ئازادی، دێموکراسی و سۆسیالیزم**

**هەیئەتی ئیجرایی ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کارگەر) و کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**دووشەممە ٦ ی ڕەشەمەی١٤٠٣بەرامبەربە ٢٤ی فێوریەی ٢٠٢٥**

***

## ئەمنییەتی شوێنی کار تەنها بە خەباتی کرێکاران بەسەر سەرمایەداران و دەوڵەتە پشتیوانەکەیاندا دەسەپێنرێت



ماڵپەری "نمادی ئابووری" لە دوایین ژمارەی خۆیدا، بەپێی زانیارییەکانی ناوەندی ئاماری ئێران، ڕاپۆرتێکی هۆشداری لەسەر پەرەسەندنی ڕووداوەکانی شوێنی کار بڵاو کردۆتەوە. ئەم ماڵپەڕە نووسیویەتی:"بەپێی داتاکانی ناوەندی ئامار، ڕێژەی مردن بە هۆی ڕووداوەکانی کار لە ئێران، لەم ساڵانەی دواییدا بە شێوەیەکی مەترسیدار زیادی کردووە. لە ساڵی ١٣٩٦ەوە تا ١٤٠٢، ئەم ئامارە لە ١٦٢٥ کەسەوە گەیشتووەتە ٢١١٥ کەس، واتە بە ڕێژەی ٣٠ لەسەد بەرز بووەتەوە. زیادبوونی ئەم ڕێژەیە لە ماوەی پێنج ساڵدا، زەنگێکی مەترسی جددییە بۆ سەر ئەمنییەتی کرێکاران و پێداویستییەکانی بەڕێوەبردن لە شوێنی کار." لە درێژەی ئەم ڕاپۆرتەدا هاتووە:"لە شەش مانگی یەکەمی ساڵدا، ١٠٧٧ کرێکار لە ڕووداوەکانی شوێنی کاردا گیانیان لەدەست داوە. هەروەها، لە سێ مانگی یەکەمی ساڵی ١٤٠٣دا، نزیکەی ١٠٠٠ کەس بەهۆی بریندارپوون و زیان پێگەیشتن لە شوێنی کار، سەردانی پزیشکی یاساییان کردووە. لەم ژمارەیە، ٧٤٣ حاڵەتیان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕووداوەکانی شوێنی کارەوە هەبووە. لەم پەیوەندییەیدا: بەپێی ڕاپۆرتی ئیلنا، بەڕێوەبەری گشتی کاروباری نێودەوڵەتی ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتی، ڕایگەیاندووە کە ساڵانە بەهۆی نەبوونی ئەمنییەت و بارودۆخی خراپی شوێنی کار، ٤٥ تا ٤٧ هەزار ڕووداو لە وڵاتدا ڕوودەدەن.

خاوەنکاران بە هۆی قازانجپەرستی و چاوچنۆکییەوە، نە دەیانەوێت ئەمنییەتی شوێنی کار دابین بکەن و نە نیگەرانی لەدەستدانی کرێکارانن بە هۆی ڕووداوەکانی شوێنی نائەمنی کار. ئەوان تەنانەت لەوەش نیگەران نین کە کرێکاران لە ترسی گیانی خۆیان، واز لە کارەکەیان بهێنن. چونکە دەزانن هەر کاتێک بیانەوێت دەتوانن لە نێو لەشکری ملیۆنی بێکاراندا، کرێکاری تر دابمەزرێنن و لە هەمان شوێن و ژینگەی ناستاندارد و نائەمنی کار، هەر کارێکی قورس و تاقەت پرووکێنیان بەسەردا بسەپێنن

گرنگی ڕووداوەکانی شوێنی کار لە ڕوانگەی زیانە کۆمەڵایەتییەکانەوە دوو هێندەیە. هەر کرێکارێک کە گیانی لەدەست دەدات، شیرازەی بنەماڵەیەک لێک هەڵدەوەشێت. لە بنەماڵەیەکدا کە ئەگەر کرێکارێکی نافەرمی گیانی لەدەست بدات، کەسوکار و پاشماوەکانی ناتوانن مووچەی خانەنشینی وەربگرن و سەرچاوەی بژێوی ژیانیان لەدەست دەچێت

لە زۆر حاڵەتدا، ئیدارەی کار و دەسەڵاتی قەزایی ڕژێمی دژە کرێکاریی کۆماری ئیسلامیش، بەمەبەستی پشتگیری لە خاوەنکاران و دەربازکردنیان لە دانی قەرەبوو بە بنەماڵەی قوربانیانی شوێنی نائەمنی کار، چاوپۆشیان لە کەمتەرخەمی و دابیننەکردنی ئەمنییەتی شوێنی کار کردووە و بە پێچەوانەوە کرێکارە بریندار و زیان لێکەوتووەکانیان، بە تاوانبار لەقەڵەم داوە. لەو کارەساتانەی کە کرێکارانی ئێران بەردەوام لەگەڵی بەرەوروو دەبنەوە، جیا لەو سەرمایەدارانەی کە یاساکانی ئەمنییەتی شوێنی کار پشتگوێ دەخەن و پێشێلیان دەکەن، تەنانەت وەزارەتی کار و ئەو ناوەند و دامەزراوە حکومییانەش کە بەرپرسیارێتی پشکنینی شوێنەکانی کاریان لە ئەستۆیە، لەو ڕووداوانەدا بەشدارن. ئەو ڕووداوانەی کە دەبنە هۆی مەرگی کرێکار، بە ئاسانی لەلایەن کاربەدەستە گەندەڵەکانی ئیدارەی کارەوە، بە پێشێلکردنی مافی بنەماڵە کرێکارییەکان و لە بەرژەوەندی خاوەنکاراندا چارەسەر دەکرێن. ئەگەر قوربانییەکە کرێکارێکی کۆچبەری ئەفغانستانی بێت، لەوانەیە تەنانەت لە ئامارەکانیشدا تۆمار نەکرێت. وەزارەتی کار بەمەبەستی بەرگریکردن لە سەرمایەداران، بەردەوام هەوڵ دەدات ڕێژەی ڕووداوەکانی شوێنی کار، کەمتر لە ئاماری ڕاستەقینە نیشان بدات و لە گرنگی ئەو ڕووداوانە کەم بکاتەوە. تەنانەت هەمووی ئەو ئامارە نیوە و ناتەواوانەش نیشان دەدەن کە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی دژە کرێکاری کۆماری ئیسلامی بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی تر، ڕووداوەکانی شوێنی کار یەکێکە لە گەورەترین هۆکارەکانی گیانلەدەستدانی کرێکاران

سەرمایەداران جگە لە چاوچنۆکی و کەڵەکەکردنی سەروەت و سامان بیر لە هیچی تر ناکەنەوە. ئەوان نایانەوێت لەپێناو دابینکردنی ئەمنییەتی شوێنی کاردا هەزینە بکەن. ئەگەر ڕۆژێک گوشاری خەبات و ناڕەزایەتی کرێکارانیان لەسەر نەبێت، تەنانەت ئەوە فەرامۆش دەکەن کە کرێکاریش مرۆڤە، نەک ئامرازێک لە دەستی ئەواندا بۆ بەدەستهێنانی قازانج. تا کاتێک کە ئاخێزی شۆڕشی کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش، ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و سیستەمی سەرمایەداریی ڕانەماڵێت، ئەوە خودی کرێکارانن کە دەبێ لە فکری خۆیاندا بن و بە پشت بەستن بە خەبات و ناڕەزایەتی ڕێکخراو و یەکگرتووانەی خۆیان، دەوڵەت و خاوەنکاران ناچار بکەن کە ئەمنییەتی شوێنەکانی کار دابین بکەن. کوشتاری کرێکاران لە ناوەندەکانی کار، دەبێ وەک کوشتنی بە ئەنقەست هەژمار بکرێت. پێویستە خاوەنکاران وەک سەبەبکار و وەڵامدەرەوەی ڕووداوەکانی شوێنی کار بناسرێن. ئەمنییەتی شوێنی کاریش وەک هەر داواکارییەکی تر، تەنیا بە خەبات و هاوپشتی چینایەتی کرێکاران بەسەر سەرمایەدار و دەوڵەتە پشتیوانەکەیاندا دەسەپێندرێت

***

Workers of all countries, unite!

PESHRAW

No: 459-march 2025

www.komalah.org

Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# پێوستی خەباتی یەکگرتووانەی کرێکاران لە پێناو دیاریکردنی حەقدەستدا

ئیلنا، ڕایگەیاند کە بڕیار بوو ئەمڕۆ، دووشەممە ٢٠ی ڕەشەمە، کۆمیتەی مووچەی شۆڕای باڵای کار کۆببێتەوە، بەڵام کۆبوونەوەکەیان خستووەتە سبەینێ سێشەممە. بە وتەی هەواڵنێرەکەی ئیلنا کۆبوونەوەکەی سبەینێ ئەگەر بەڕێوەش بچێت، کۆبوونەوەیەکی جددی نابێت و وەک هەمیشە ڕاگەیاندنی لانیکەمی حەقدەست دەخەنە دواین ڕۆژەکانی مانگی ڕەشەمە. کەسانی ئاگادار لەو بابەتە نووسیویانە، بڕی زیادکردنی لانیکەمی حەقدەستی کرێکاران بۆ ساڵی داهاتوو، زیاتر لە ٣٠ لەسەد نابێت. واتە لانیکەمی حەقدەستی کرێکارێکی بەرکەوتووی یاسای کار، مانگانە ١١ ملیۆن و ٦٠٠ هەزار تمەن دەبێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە نرخی دۆلار، ڕۆژی ڕابردوو گەیشتە ٩٢ هەزار تمەن و پێشبینی دەکرێت تا سەرەتای ساڵی نوێ بگاتە ١٠٠ هەزار تمەنیش. بە بڕوای یەکێک لە ئەندامانی پێشووی کۆمیتەی حەقدەست، بەپێی بەراوردی ئاستی هەڵاوسان و سەبەتەی بژێوی ئێستا، لانیکەمی حەقدەستی مانگانەی ساڵی داهاتوو، دەبێ ٥٠ ملیۆن تمەن بێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونەکانی ساڵانی ڕابردوو کرێکاران و ڕێکخراوە سەربەخۆکانی کرێکاری، هیوایەکی ئەوتۆیان بە کۆمیتەی باڵای کار نییە کە حەقدەستێکی گونجاو بۆ مووچەخۆران دیاری بکات. چونکە ئەم ئۆرگانە دەوڵەتییە، بە ئاشکرا لە خزمەت سەرمایەدارانی کەرتی گشتی و تایبەتدایە. بەهۆی پرشوبڵاوی خەباتی کرێکارییەوە، نوێنەرانی حکومەت و خاوەنکارەکان لە کاتی دیاریکردنی لانیکەمی حەقدەستدا، جگە لە هەندێک بۆڵەبۆڵی بێکاریگەری نوێنەرانی ڕێکخراوە دروستکردەکانی دەوڵەت، هیچ گوشارێک لەلایەن کرێکارانەوە هەست پێناکەن. نابێت ئەوەش لەبیر بکرێت کە دیاریکردنی لانیکەمی حەقدەست هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە بابەتێکی بژێوییە، لە خەباتی چینایەتی لەگەڵ خاوەنانی سەرمایە و حکومەتیشدا، دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگی هەبێت. واقیعییەت ئەوەیە کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و بە گشتی سیستەمی سەرمایەداری ئێران، لە داوی قەیرانێکی ئابووری هەمەلایەنەدا گرفتار بووە و وەک هەمیشە بۆ کەمکردنەوەی ئەم قەیرانە، دەست دەبات بۆ بەردەست ترین ئامڕاز کە بریتییە لە پەرەپێدانی چەوساندنەوەی کرێکاران. جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی،" هاوسەنگییەکی هێزی گونجاوی لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتی ئیسلامیدا دروست کردووە کە ئاکامەکەی لە سەپاندنی جلوبەرگی ئیختیاری بەسەر ڕژێمدا لەلایەن ژنانی خەباتگێڕەوە، سەپاندنی بەڕێوەبردنی ئازادانەی هەر جۆرە ڕێوڕەسمێکی ئاشکرا لەلایەن دادخوازانەوە، سەپاندنی ڕێوڕەسمە شکۆدارەکانی نەورۆز بەتایبەت لە کوردستان، سیاسیتربوونی کۆبوونەوەکانی کرێکاران، خانەنشینان و گەلێک بابەتی دیکەدا بە ئاشکرا دەبینرێت. ئاشکرایە کە هەڵسووڕاوانی کرێکاری لەسەر بەستێنی هاوسەنگییەکی ئەوتۆ دەتوانن لە خەبات و مانگرتنە کرێکارییەکاندا خواستی زیادکردنی حەقدەست و باشکردنی بژێوی ژیان، هەماهەنگ و یەکگرتووتر بکەن. کرێکارانی یەکگرتوو بە یەکخستنی خەبات و نارەزایەتییە بەردەوام و بەربڵاوەکانی خۆیان دەتوانن هەلومەرجێکی باشتری کار و ژیان بەسەر ڕژێم و چینی سەرمایەداری ئێراندا بسەپێنن. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و خاوەنکارەکانی دەوروبەری حکوومەت، کە دەستیان بەسەر سەرچاوەکانی سامانی ئەم کۆمەڵگایەدا گرتووە، تا ئەو کاتەی کە نەکەونە ژێر گوشاری خەباتی یەکگرتووانە و سەرانسەری کرێکاران، هیچ ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ لە ژیانی کرێکاران و بنەماڵەکانیاندا پێک نایەت. پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە کە ئێران لە ڕووی سەروەت سامانەوە دەیەمین وڵاتی جیهانە. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و هەموو ئەو سەرمایەدارانەی کە بە دەوری ئەم ڕژێمەوەن، بە تاڵان و بڕۆی ئەم سامانە و چەوساندنەوەی هێزی کاری هەرزانی ژنان و پیاوانی کرێکار، توانیویانە سەرەوتێکی زۆر کەڵەکە بکەن بێگومان ئەوان لە غیابی بزووتنەوەیەکی کرێکاری بەهێزدا، لەسەر درێژەدان بە تاڵان و بڕۆ و پاراستن و بەهێزکردنی دەزگای سەرکوت هەروا بەردەوام دەبن. ئەوان توانیویانە بە پشتبەستن بە لەشکری ملیۆنی بێکاران، هەژاری و دووبەرەکی و هەروەها بە پشتبەستن بە زیندان و هێزی دادوەری، سەختترین هەلومەرجی کاری و حەقدەستی کەم بەسەر کرێکاراندا بسەپێنن. لەو هەلومەرجەی ئێستادا کە چینی کرێکار و




نەوەی داهاتووی، لە مەترسی لەناوچووندان، تەنها بە وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی داواکاری تەوەری بەهێز دەتوانرێت پێش بەم لەناوچوونە بگیرێت. ئاکامی بزووتنەوەیەکی لەو چەشنە لە پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا، دەتوانێت ڕووخانی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی لێ بکەوێتەوە. بۆ پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی داواکاری تەوەری بەهێزیش پێویستە ئەو خەبات و نارەزایەتیانەی ئێستا، لەم دۆخی پەرشوبڵاوییە دەربێن. پێویستە داواکارییە بەپەلە و هەنووکەییەکانی چینی کرێکار ببێتە پرسی هەموو کرێکارانی لەسەرکار و بێکار، کرێکارانی ژن و پیاو، کرێکارانی شارەزا و ئاسایی و کرێکارانی گرێبەستی و فەرمی، لە ئاستێکی سەرانسەریدا. دەستەبەربوونی ئەم بابەتەش پەیوەستە بە بەرفراوانکردنی پەیوەندییەکانی ئێستای نێوان هەڵسووڕاوانی کرێکاریی لە ئاستی سەرانسەریدا. بە بەشداری و ڕۆڵی چالاکانە لە خەبات و نارەزایەتییەکانی ئێستای کرێکاران و بەهێزکردنی هەستی هاوپشتی چینایەتی لەم خەباتانەدا، دەتوانرێت هاوسەنگی هێزی خەبات بە قازانجی کرێکاران بگۆڕدرێت و بزووتنەوەی کرێکاری خۆی لە بارودۆخێکی گونجاوتردا ببینێتەوە بۆ خۆڕێکخستن و گەیشتن بە ویست و داواکارییەکانی

❊❊❊❊

دواستون

## ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز، هێمای یەکگرتوویی جەماوەر

لە ڕۆژەکانی کۆتایی هەموو ساڵێک دا و بەتایبەت لە دوا چوارشەممەی کۆتایی ساڵ کە بە چوارشەممە سووری ناسراوە، لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز بەڕێوە دەچن. هەموو ساڵێک ڕێوڕەسمەکان بە بەشداری هەزاران کەس و بە هەڵکردنی مەشخەڵ و داگیرساندنی ئاگر و سەما و هەڵپەڕکێی جوانی کوردی، هاوڕێ لەگەڵ گۆرانی و ئاوازی شادی، بەڕێوە دەچێت

نەورۆز لە زومرەی ئەو بۆنانەیە کە لە کوردستان حاڵ و هەوایەکی دیکەی هەیە. لە ماوەی ٤٦ ساڵی دەسەڵاتی ڕژێمی ئیسلامیدا، نەورۆزی کوردستان بەردەوام بۆنەیەک بووە کە تێیدا خەڵک وێڕای جەژنگرتن و شادیکردن، هاوکات یەکگرتوویی و هاوپشتی خۆیان تاقی دەکەنەوە و پەیامی خۆیان بە زمانی شێعر و سروود و هەڵپەڕکێ و گۆرانی و شادی، لە بەرامبەر فەرهەنگی باوی کۆماری ئیسلامیدا، بە گوێی هەموان دەگەیەنن. بەرپرسانی ڕژێم نەورۆز بە نەریتێکی پێچەوانەی ئاینی ئیسلام دەزانن. بەم هۆیەوە بەردەوام هەوڵیان داوە کە بە هێزی سەرکوت و پڕوپاگەندە، ئەم نەریتە لە کۆمەڵگای ئێران بسڕنەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی کە دژایەتی لەگەڵ کلتوور و داب و نەریتێکی ئاوا جێکەوتوو لە کۆمەڵگای ئێران کارێکی ئاسان نەبووە، لە ئاست خۆڕاگریی خەڵکدا بەرەبەرە لە هەڵوێستی خۆیان لەم بوارەدا پاشەکشەیان کردووە و هەوڵیان داوە لانیکەم سنوورداری بکەن. بەڵام هەر پاشەکشەیەکی ڕژێم لە هەمان کاتدا پێشڕەوی هەنگاو بە هەنگاوی خەڵکی بەدواوە بووە. دژایەتی لەگەڵ بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بەم ڕۆژانە هەستی خۆڕاگریی لە نێو خەڵکدا بەهێز کردووە و بە کردەوە ئەم ڕێوڕەسمانەی لە کوردستان بەسیاسی کردووە. بەرپرسانی ڕژێم کە تەنانەت لە سێبەری خۆشیان دەترسن، نیگەرانن لەوەی کە ڕێوڕەسم و کۆبوونەوەکانی خەڵک ببێتە ئامرازێک بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە دژی ڕژێم ڕژیمی ئیسلامی لە جەژن و شادی خەڵک دەترسێت. ئەم ڕژیمە نەک هەر لە نەورۆزدا، بەڵکوو بە درێژایی ساڵ نایهەوێ بزەی شادی و خۆشی بکەوێتە سەرلێوی خەڵک، خەمۆکی و نائومێدی و بێهیوایی خەڵک، هۆکار دەبێت بۆ درێژەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی. ئەم ڕژیمە کۆمەڵگایەکی ملکەچ و گوێڕایەڵی دەوێت کە تێیدا مرۆڤەکان لە ئاست ئەو چارەنووسەی کە ڕژیم بۆی دیاریکردوون، سەر دابنەوێنن. لە ڕاستیدا ئەگەر دونیا بە ویستی ڕژیمی ئیسلامی ئێران بوایە، ئەم کۆمەڵگایە دەبوو بە درێژایی ساڵ و هەموو ڕۆژێک بە بیانووی جۆراوجۆر ڕەشپوش و ماتەمبار بێت. بەڵام زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئەم کۆمەڵگایە لە ئاست ڕژیمی ئیسلامیدا سەریان دانەنەواندووە. هەروەک دەبینین، سەرەڕای هەڕەشە و تەنانەت گرتن و زیندانی کردنیش لەم پێوەندییەدا، خەڵک لە سەرتاسەری ئێران هیچ گرنگییەک بەو دژایەتیانە نادەن. مۆسیقا و هونەر و گۆرانی و سەما و شادی لە حەشارگەکان هاتوونەتە دەرەوە. کە مەراسمەکانی چوارشەممە سووری و نەورۆز لە زومرەی ئەوانەن

لە نەورۆزی ئەمساڵی خەڵکی کوردستاندا، بە کوێری چاوی دوژمنانی شادی و ئازادی، کچان و کوڕان بە پۆشینی جلوبەرگی ئاڵ و واڵا و شادی بەخش، بەڕێوەبردنی نمایشی هونەریی، هەڵپەڕکێ و ئاواز و گۆرانی و داگیرساندنی ئاگری نەورۆز، ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی خۆیان بەڕێوە دەبەن

**جەژنەکانی نەورۆزی ئەمساڵیش وەک ساڵانی ڕابردوو ئاستەنگ و لەمپەرەکانی دژایەتی ڕژێم، تێدەپەڕ دەکات و دەبێتە یەکێکی تر لە دیمەنەکانی خۆڕاگریی جەماوەر و هێمایەکی دیکەی شۆڕشی ڕزگاریبەخشی ژن، ژیان، ئازادی.**

❊❊❊❊